# ریفۆرم لەدین و سیاسەتدا
## بە گوێرەی سەردەم

**نوسینی**

**خدر مەرەسەنە**

٢٠٠٨

**ریفۆرم لە بواری**
**سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لەدین و دەوڵەت**
**لەژێر چەتری رەوشەنگەریدا**

**ناوی کتێب/ ریفۆرم لەدین و سیاسەتدا بە گوێرەی سەردەم**

**ناوی نووسەر/ خدر مەرەسەنە-سوید**

**بابەت/ دەربارەی تێکۆشانێکی نوێ لە ژێر چەتری رۆشنگەریدا بە مەبەستی چاکسازی لەکۆمەڵگای کوردیدا**

**تایپ/ هێمن محەمەد قەڵادزەیی**

**مۆنتاژ و ئامادەکردنی/ هەرێم حەسەن**

## ریزبەندی

**پـێشـەکی :**

**گووتاری یەکەم : دەستور و ئەرك و ئامانجەکانی بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردی**

**گووتاری دووهەم : سیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و هەڵوێستی ناڕوونی دەوڵەتانی پەرژەوەندخواز لەهەمبەر کوردستاندا سەردەم**

**گووتاری سێهەم : ریفۆرم لە دین و دەوڵەتدا بەگوێرەی سەردەم**

**گووتاری چوارەم: ڕیفۆرم بۆ چاکسازی بە شێوەی سیکۆلار .**

**گووتاری پێنجەم: پێشنیارەکانم بۆ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەمەبەستی چاکسازی لەو حیزبەدا.**

## پـێشـــەكـی :

**دەرگای چوونە ژوری ڕیفۆرم لەژێر چەتری ڕەوشەنگەریدا:**

**ئامانج لە تێكۆشانی ڕەوتی ڕیفۆرم لە ژێر چەتری ڕەوشەنگەریدا مەبەست لە گۆرانكاری سیستەمی سیاسی و كۆمەلایەتی و فەرهەنگ و داب و نەریتی دواكەوتوانەی كۆمەلگایی كوردیە, كە ئەو سیستمە لە لایەن دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان و نەتەوە بالاَ دەستەكانی عەرەب و تورك و فارس بەسەر كۆمەلگایی كوردیدا سەپێندراوە خاشە بڕ بكرێت. نەك بۆ ڕوخانی دەسەلاتی كوردی و ئالوگۆڕ كردنی حیزبەكان و گواستەوەی دەسەلات لە پارتی و یەكێتی بۆ چەند حیزبی تر و لێوەرگرتنەوەی بەرپرسایەتی لە ئەوان و دژایەتی كردن لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان.**

**وە هەروەها نە بۆ دژایەتی كردنی حیزبە كوردستانیەكانیشە, بە پێچەوانە بۆ لێك نزیك كردنەوەو كەم ڕەنگ كردنەوەی ناكۆكیەكانیانە و گەورەكردنەوەی بنەماڵەی كوردەو شەفافییەتدان بە خەباتی نەتەوایەتی خەڵكی كوردستانە.**

**پێویستە لەو ڕاستیە بگەین كە چاكسازی لەگەڵ كودەتا جیاوازی هەیە و داوای گۆڕینی دەسەلات ناكات، بەڵكو دەیەوێت سیستم بگۆڕێت و كۆتای بە گەندەڵی هەمە جۆر لە ڕیزەكانی حیزبەكان، بەگشتی و حكومەتی هەرێمی كوردستان بە تایبەتی دابنێت. بەلاَم لەسەر هەموو ئاستەكانی سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی و شێوازی ئیدارە كردن و بەڕێوەبردنی ولاَتە، واتا سیستم بگۆردرێت، ئەو گۆڕانكاریانەش**



**كۆمەلگای كوردی بگرێتەوە. ڕەوتی ڕیفۆرم چەمكی چاكسازی لە ساڵی ٢٠٠٠ دا من بەنوسینی كتێبی(ئاوێنەی ڕاستیەكان )دەستم پێكرد و لەساڵی ٢٠٠٦ دا بە نوسینی نامیلكەیەك لە ژێر نێوی (ڕیفۆرم بۆ چاكسازی) ئەو ڕەوتەم لە نێو حیزبە كوردیەكاندا گەشە پێدا, دواتر لە ڕیزەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستاندا ئەو ڕەوتە سەری هەڵدا و لە كۆنگرەی چواردەهەمی ئەو حیزبەدا بە شكڵی تیۆری بەشێكی كەمی لە ئامانجەكانی خۆی پێكاوت. و كۆمەڵە خەڵكێكی نوێ خوازو ڕۆشنبیر دەنگیان هێنایەوە. بەلاَم مەعلوم نیە ڕیفۆرم خوازان چەندە دەتوانن بە كردەوە گۆڕانكاری لە سیستەمە كۆنەكەی ساڵانی ڕابردووی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێراندا پێكبهێنن. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٧ دا كاك (نەوشیروان مستەفا) و لایەن گرانی بە نێوی ڕەوتی ڕیفۆرم لە نێو یەكێتی دا بە پانەوە هاتە مەیدان و بە دامەزراندنی كۆمپانیای (وشە) و كەناڵی (سبەی) و بلاَو كردنەوەی (ڕۆژنامەی ڕۆژنامە)، بوونی ڕەوتی ڕفۆرمیان سەلماند و تا ئەندازەیەك كاریگەری لەسەر بزاڤی ڕەوشەنگەری و نوسەران و نوێ خوازانی كوردستان دانا، كە بتوانن بەشێوەی ڕەوشەنگەری بۆ چون و تێڕوانینەكانی خۆیان سەبارەت بە چۆنیەتی ڕیفۆرم و چاكسازی لە سیستەمی كۆمەلگایی كوردیدا لە میدیاكانی كوردیدا بنووسن و بلاَو بكەنەوە. ئەگەر چی ڕیفۆرم خوازان لە هەموو لایەكەوە دەكەونە بەر نوكی هێرشی ناڕەوا و نادیموكراتیانەی حیزبە كوردیەكان بەگشتی و دەسەلاتی سیاسی بە تایبەتی, بەلاَم لەگەڵ ئەوەش جێ پەنچەی ڕیفۆرم خوازان لە بزوتنەوەی كوردستاندا دیارە و زۆربەی كۆمەلاَنی خەڵكی كوردستانیش پشتیوانی لەم ڕەوتە دەكەن. بەتایبەتی ڕۆژنامەوانان و نووسەران ئەم دیاردەیان بەرجەستە كردۆتەوە.**

به باوەڕی من قسەکردن و موناقەشە کردن لەسەر شێوازەکانی چاکسازی پێویستی بە کەش و هەوایەکی دیموکراتیك هەیە کە پایەی لەسەر ڕەوشەنگەری بۆ دارێژرابێت ، کە جارێ ئەو کەش و هەوا دیموکراتیکەش لەنێو دام و دەزگاکانی حیزبی و حکومەتی هەرێمدا شکڵی نەگرتووە. هەر بەم جۆرەش پێویستی بە لەیەك تێگەیشتن هەیە کە ڕیفۆرم خوازان دەبێت ئیرادەیان هەبێت و لە دەوری تیئۆریەك بە نێوی (چەمکی ڕیفۆرم) کۆ ببنەوە و دەبێت ئەم چەمکەش دەرکی هەبوونی گەندەڵی بکات و بە بەڵگەوە بیسەلمێنێت کە گەندەڵی بۆتە هۆی نارەزایەتی خەڵك لە دەسەڵات و دروست کردنی بۆشایی لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتی سیاسی کوردستاندا و لە هەمان کاتدا هەڕەشەیەکیشە لەسەر, سەرخان و ژێرخانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و هەروەها فکریەتی ڕادیکالانە ودیموکراتیانەی خەڵکی کوردستان. هەر لەو کاتەشدا سیستەمی عەشیرەت گەری و خێلایەتی بەهێز تر دەکات، لەم ڕووەوە پێویستە ڕەوتی ڕیفۆرم لە ژێر تیشکی ڕەوشەنگەریدا وەك سیستەم و چەمکە گەلێکە کە ناکرێت هەروا بە سانایی بەسەریدا باز بدەین.  لەم ڕووەوە ئەم رەهەندە پێویستی بە لێکۆڵنەوەو لێدوانی چەمکەکانی هەیە کە ئەمڕۆ چەمکی گەندەڵی و نەبوونی دیموکراتیەت و دادپەروەری لە چوار چێوەی حکومەت و حیزبەکاندا، وای کردوە کە زۆربەی خەڵکی هەژارو ئاسایی بەگشتی و ڕوناکبیران و لاوان و ژنان بە تایبەتی لە مافەکانی خۆیان بێبەش بمێنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەم گەندەڵیە هەڕەشەیەکیشە لەسەر چارەنوسی کورد، کە هەموو حیزبە کوردیەکانی کەم و زۆر لە باشور و ڕۆژهەلاتی گرتۆتەوە. ئەمەش وای کردوە کە خەڵکی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان بەشێوەی دیموکراتیانە دژی گەندەڵی



ئیداری و حیزبی، بێهەڵوێست نەمێننەوە. لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە باس لەگەندەڵی دەکرێت مەبەستمان لە کەسێکی تایبەت, یا حیزبێکی تایبەت لە حیزب و حکومەتدا نییە, بەڵکو مەبەستمان لە سیستەم و شێوازەکانی گەندەڵیە لەسەر ئاستی کۆمەڵگایی کوردی بەگشتی و لە ئیدارە و جۆری بەڕێوەبردن و ئیدارە کردنی کوردستانە، لە هەموو بوارەکاندا. بەداخەوە ئەو سیستەمە باڵی بەسەر هەموو ئۆرگانەکانی حیزبی و حکومیدا کێشاوەو هەر بەو شێوەش حوکمڕانی بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەکرێت. لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا ئەوەی دەبێت ڕیفۆرم خوازان بیری لێبکەنەوەو سوربن لەسەری کۆتای هێنان بە گەندەڵی بێت لە نێو حیزبەکاندا, چونکە سەرچاوەی گەندەڵی لە کۆمەڵگایی کوردیدا دەستی پێکردوە و حیزبەکانیشی پێ گۆشکراوە حکومەتیش بە هەمان شێوە حکومڕانی بەسەر کوردستاندا دەکات. کە ئەوەش پەیوەندی بە گۆرینی ناوەرۆکی سیستەم و میکانیزمی سیاسیەوە هەیە کە لە هەڵبژاردنیکی گشتی دیمۆکراتیکدا بە بەشداری خەڵکی کوردستان لە خۆی دەگرێت. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە ڕیفۆرم بە واتای بەهێزکردنی پرۆسەی دیمۆکراسی و جێگیرکردنی عەدالەت و دادپەروەری و چاوەدێری بەسەر دارایی نیشتیمان دا بۆ ریشەکێش کردنی گەندەڵی و پێشێلکاری لە یاساو ڕێساکان و هەرەوەها دامەزراندنی گۆمەڵگای مەدەنی و لابردنی جیاوازییەکان بە گشتی و بەرابەرکردنی مافەکانی ژن و پیاو بە تایبەتی و ئەهمییەت دان بە لاوان کە هیوای دوا ڕۆژی نەتەوەکەمانن، کە هەر هەموویان لە ڕێگای ڕیفۆرمەوە دێنە دی و کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان خەڵك و دەسەڵات چارەسەر دەکرێت.

پێویسته ئەوەش بڵێین کە پەیوەندی نێوان ڕیفۆرم و دیموکراسی پەیوەندییەکی سیستماتیکی فیکری و ئیدئۆلۆژیکیە و یەکتر بەهێز دەکەن و لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەکترین. چونکە ڕیفۆرم لە سیستمی تۆتالیتاریستی و دیکتاتۆریدا ناکرێت، واتا بوونی جۆرێك دێموکراسی لە دەسەلاتێکی سیاسی دا ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ڕیفۆرم و چاکسازی لە کۆمەلگای کوردیدا.

لە لایەکی دیکەشەوە ڕیفۆرم شۆڕشێکی سپی و ئاشتیخوازانەیە لە ژێر چەتری ڕەوشەنگەریدا، کە بریتییە لە چاکسازی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی، فەرهەنگی. هەروەها بە مەبەستی خزمەتگوزاری لە بوارەکانی ژیاندا بۆ کۆمەلگای کوردی و شەفافیەت دان بە ژیانی شارستانییەتە. ئیدی بەمجۆرە کۆتایی بە گەندەڵی دەهێنرێت ودیموکراسی و دادپەروەری حاکم دەبێت لە کوردستاندا و هەموو کەس لە بەرامبەر یاسادا بەرپرسیار دەبێت و حکومەت و خەلك دەکەونە قەوارەیەکی سیاسی و دوژمنان ناتوانن لەمە بەدووا لەئاوی لێڵ ماسی بگرن.



## دەستور و ئەرك و ئامانجەکانی بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردی

**دەستوری بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردستان و ئامانجە سەرەکیەکانی بریتیین لەو خالأنەی خوارەوە:**

**لایەنی یەکەم :**

بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردی لە نەبوونی دەزگایەك بۆ بەرجەستەکردنی بیری نەتەوەی و پەرەپێدانی سیستەمی دیموکراسی و گور کردنی داب و نەریتی کۆنە پەرستانە , وە هەروەها دامەزراندنی کۆمەلگای مەدەنی , و لابردنی تەم و مژی گەندەڵی لە ڕیزەکانی حیزبە کوردیەکان بەگشتی و لە دام دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا بەتایبەتی دامەزراوە و دەیەوێت لە پێناو دابین کردنی ئازادی سیاسی و کۆمەلایەتی و دابین کردنی مافەکانی گەلی کوردستاندا تێکۆشانێکی نوێی لەسەر ئاستی کوردستان بەشێوەی ڕاگەیاندن بۆ چاکسازی لە نێو کۆمەلانی خەلکدا بە هۆی ڕیفۆرمخوازانی نێو حیزبیە کوردیەکان بۆ ڕاستکردنەوەی باری ژیانی خەلکی کوردستان و کردنەوەی ڕوپەڕەیەکی نوێ بەڕوی خەلکی کوردستاندا. بۆ ئەو مەبەستەش بەشێوازی جۆراو

جۆرو گونجاو لەگەڵ بارو دۆخی سیاسی کوردستان و جیهان دەست بە تیکۆشان دەکات و پەرە بە ڕوشەنگەری دەدات, تا ئەو جێگایەی بۆی دەلوێت داکۆکی لە مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستان دەکات و لە پێناو خۆشبەختی ئەو گەلەدا تێدەکۆشێت. بەتایبەتی لە دژی داگیرکەرانی کوردستان بەشێوازی جۆراو جۆر خەباتی خۆی درێژە پێدەدات و هەر بەم جۆرەش هەوڵدەدات بۆ بنبڕکردنی لەریزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

**لایەنی دووەم :**

ئەم بزاڤە ڕەوشەنگەریە لەبواری سیاسی و ڕێکخستن و دپلۆماسیەتدا ڕێکخستنێکی کلێشەیی و تەشکیلاتی نیەو لەهەمان کاتیشدا گرێدراو و وابەستە بەهیچ ئایدۆلۆژیەك لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان نییە تەنها ئامانجی لابردنی گەندەڵیە و هەموو حیزب و ڕێکخراوە ڕامیاریەکان بە دۆست و هاوخەباتی خۆی دەزانێت, هەروەها سیاسەت و هەڵوێستی خۆی بە وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی کورد.بەرامبەر بە دۆست و دوژمنان نیشان دەدات و پێدادەگرێت لەسەر بەدیموکراتیزە کردنی دەسەڵاتی سیاسی کورد و دابین کردنی مافەکانی سەرجەم خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا کەپێی دەگوترێت ( حکومەتی هەرێمی کوردستان ).



**لایەنی سێهەم**

دامەزراندنی بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردی بە شێوەی بەربلاو لەرێگای میدیاکانی کوردیەوە بەمەبەستی ئالوگۆر کردن و چاکسازی لە سیستەمی سیاسی ئابوری, کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی و هەروەها بۆ کۆتای هێنان بە داب و نەریتی دواکەوتوانە و کۆنە پەرستانەی کۆمەلگای کوردی کە بە میرات لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و نەتەوە بالأ دەستەکانی عەرەب و فارس و تورك بۆمان بەجێماوەو پەیڕەوی لێدەکەین, دێتە گۆرەپانی خەباتەوەو تێدەکۆشێت بۆ دابین کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان کە لە لایەن دوژمنانەوە زوت کراون و هەروەها بۆ پێکهێنانی کومەلگای مەدەنی لەسەر ئاستی کوردستان و هوشیارکردنەوەی کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان لەسەر ماف و ئەرکەکانیان لە شۆرش وبزوتنەوەدا و ڕزی کردنی دەسەلأتی سیاسی کورد بۆ لابردنی گەندەڵی لە ڕیزەکانی حکومەت و حیزبەکاندا.

**لایەنی چوارەم :**

بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردوستان وەك پێویستیکی سەردەم و مێژوویی بەشێوەی ئاژیتاسیۆن(راگەیاندن) لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی نێوان پارت ورێکخراو پێکهاتە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان بە گشتی وەهەروەها حکومەتی هەرێم بەتایبەتی و بۆ فەرامۆش نەکردنی بیری سەربەخۆیی بوونی کوردو بەرزکردنەوەی ئەودروشمەو دیاریکردنی ستراتیژیکی هاوبەش

نەتەوەی دێتە ئاراوەو دەیەوێت لە ڕێگای پەرەپێدانی خەباتی هەمەلایەنەی خۆیەوە بەشێوازی جۆراو جۆرلەڕێگای هەڵبژاردنی دیموکراسیانەو پارلەمانیەوە ڕێبەرایەتیکی ئاکتیف ودیموکراتی ودادپەروەرو دڵسۆز بۆ خەڵکی کوردستان بۆ بردنە سەری ئاستی زانیاری سیاسی وهوشیاری زیاتری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بۆ چەسپاندنی دبلۆماسیەتی هاوچەرخی خەڵکی کوردستان و دیاری کردنی حکومەتێك کە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لەوێدا بەشداریان هەبێت بە گوێرەی گۆڕانکارییەکانی جیهانی سەردەم ئەرکی نەتەوەیی ونیشتیمانی وشۆرشگێری خۆی لە هەموو بوارەکاندا بەجێ بگەیێنێت.وە هەروەها لەم بۆارەدا ئەلقەی پەیوەندی نێوان حیزبە کوردیەکان دەبێت بۆ لەیەك نزیك کردنەوەیان و لەیەکتر تێگەیشتن و دامەزراندنی ئەلتەرناتیڤێکی کوردی لەسەر ئاستی کوردستان. هەر بەم جۆرەش بزاڤی رەوشەنگەری کورد تێدەکوشیت بۆ دامەزراندنی ئامرازیك بۆ یەك خستنی باڵە نەیارەکانی نێو بزوتنەوەو ئەنجامدانی ئەرکە نەتەوایەتیەکان و بەرز و بەرزتر ڕاگرتنی دروشمی سەربەخۆی کوردستان لە ژێر چەتری ڕەوشەنگەری لەسەر ئاستی کوردستان و جیهاندا تێدەکۆشێت و بەشێوەوی ڕادیکالأنە و دیموکراتیانە هەنگاو بە هەنگاو دەچێتە پێش.



### لایەنی پێنجەم:

بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردستان سەر کەوتنی یەکجاری گەلی کورد لە کوردستان لە چەند توێی تێکۆشان و بەربەرەکانی هەمە لایانەی سەر جەم حیزب و ڕێکخراوەسیاسیەکان و پێکهاتە ڕەشەنگەریەکان و کۆمەلأنی خەڵکی کوردستاندا دەبینێت، وەهەروەها لەگەڵ ڕێکخراو پێکهاتە جۆر بەجۆرەکانی دیکەی هەموو بەشەکانی کوردستان هاوئاهەنگی و هاوکاری تەواوی دەبێت و بەکردەوە پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاری خوازانەی سەرجەم حیزبە کوردیەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات دەکات کە لە دژی داگیرکەرانی کوردستان لەسەنگەری قارەمانیەتیدا داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن و لەم ڕێگایەشەوە مەیدانی تێکۆشانی خۆی دژی پیلانە هاوبەشەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و دەست تێوەردانی ئەوان لە کاروباری حیزبەکاندا، لەڕێگای دیپلۆماسی بەرفراوان تر دەکات و دەیەوێت هەموو حیزبیە کوردیەکان ڕاکێشی مەیدانی بەربەرەکانی هەمە لایەنە لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بکات و ڕێگر دەبێت لە بەردەم هەر چەشنە دەستێوەردانێکی ڕژێمە داگیرکەرەکان لە کاروباری نێو خۆی کوردستاندا بەگشتی و خۆنزیك کردنەوەیان لە حیزب کوردیەکان بەتایبەتی لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەباتدا.

## لایەنی شەشەم:

بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردستان هەوڵدەدات لە ڕێگای ڕاگەیاندراوەکانی خۆیەوە ئاستی زانیاری سیاسی و دیپلوماتی و کومەلأیەتی خەڵکی کوردستان بەگشتی و چین و توێژەکانی داهاتووی گەلەکەمان و لاوان بە تایبەتی بباتە سەرو بەبیرێکی دێموکراتیانەی نەتەوەییەوە پەروەردەیان بکات و ڕوحی هاوکاری و برایەتی لە ڕیزەکانی گەلدا زیندوو ڕابگرێت و جیاوازیەکانی لەنێوان کۆمەڵگای کوردیدا خاشەبڕبکات. وە هەروەها هەوڵ دەدات ویژدان و ئینسانیەت و ئەخلاقی سیاسی بکاتە ببنچینەی یاساو دەوستورێك کە لەوێدا ئازادی و دیموکراسی و ژیان و ژینگە بەشێوەی یەکسان بۆ خەڵکی کوردستان دور لە هەر چەشنە جیاوازیەکی ڕەگەزی و قەومی و ئاینی لەژێر کاریگەری ئەو یاسایە دابین بکرێت و بۆ ئەوەی تاکەکانی نێ کۆمەڵ بە مافەکانی خۆیان شادبن و لەوە زیاتر نەخرێنە پەراوێزەوە.

## لایەنی حەوتەم:

هەوڵ و کۆششی بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردستان بۆ کۆکردنەوەو گەورەکردنەوەی ناو ماڵی کوردەو ئامادەیە بە هاوکاری و هاوفکری کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان بەگشتی و پارت و ڕێکخراوە ڕامیاریەکان و ڕفۆرم خوازان بە تایبەتی بۆ لێك نزیك کردنەوەی باڵە نەیارەکانی نێو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد دەتوانێت تێکۆشانی نوێی خۆی بە شێوەی زانستی چڕو پڕتر بکاتەوەو لەو پێناوەشدا هەموو جۆرە



فیداکاریەك لە خۆ دەگرێت و تای تەرازوشی بەلای ڕاستی و عەدالەت و دادپەروەریدا دەشکێتەوەو پشتیوانی لەدەسەلأتێك دەکات کە مافەکانی خەڵکی کوردستانی تێدا بەرجەستە کرابێت.

## لایەنی هەشتەم:

بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردستان وەك بزوتنەوەیەکی ڕادیکاڵ دێموکراتیك بە شێوەی ڕاگەیاندن ووت و ویچژ و مناقەشە کردن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا, بەکردەوە تێدەکۆشیت بۆ دروست کردنەوەی کەسایەتی شکست خواردووی تاکەکان لە نێو کۆمەڵگایی کوردیدا کە بەهۆی تاك دەسەلأتی و تاك ڕەوی حیزبە کوردیەکان مەیدانیان لێ بەرتەسك کراوەتەوە و ڕاو بۆچونەکانیان لە مەڕ گەشەپێدانی دام و دەزگا حیزبی و حکومیەکان خراونە پشتگوێ و گرنگییان پێنەدراوەو لەلایەن حیزبەکانەوە دەخرێنە ژێر گوشار.

## لایەنی نۆهەم:

گرنگی دان بە زانایان و ڕووناك بیران و هونەرمەندان و نووسەران بە گشتی ژنان و کیژان و لاوانی کورد بەتایبەتی کە بڕبڕەی پشتی شۆرش و خەباتن بە ئەرکی سەرشانی خۆی دادەنێت. وەهەروەها بۆ لابردنی سیستەمی پیاو سالاری و بەرابەرکردنی مافەکانی ژن و پیاو لە نێو کۆمەڵگایی کوردیدا بەشێوەیەکی دیموکراتیانە لەسەر بنەمای ڕێزلە یەکترگرتن لە هەموو بوارەکاندا بەگوێرەی بارو دۆخی سەردەم پێدا دەگرێت و ئەو جاوازیانەی کەلەمەوە بەر لە نێوان دوو هاوسەری ژن

پیاودا بەرجەستە بوون، ئاسەواریان لێ نەهێڵرێت. بێگومان بە ئەنجامدانی ئەو دیاردە نەتەوەیی و دیموکراتیانەو بە گرتنەبەری ڕێبازێکی نوێ بۆ چاکسازی لە دام ودەزگا حیزبی و حکومیەکاندا خەڵکی کوردستان بەهەموو چین توێژەکانییەوە بە مافە زەوتکراوەکانیان دەگەنو ژیانێکی خۆش و پڕ لەسەروەری بە خۆیانەوە دەبینن و ئافرەتانیش وەکو پیاوان لە شۆڕش و خەباتدا مافی بەشداربوون و دەربڕینی بیروڕای خۆیان دەبێت، ئەو کاتە دەسەڵاتی کوردی دەبێتە جێگای ڕێزو متمانەی سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

**لایەنی دەیەم:**

بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردستان تێدەکۆشێت بۆ لابردن و توانەوەی ئەو فەرهەنگ و داب و نەریتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەی کەلەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و نەتەوە باڵا دەستەکان بەسەر گەلی کوردا سەپێنەراوەو تا ئەمڕۆش ئەو گەلە پەیڕەی لێدەکات. بۆ ئەو مەبەستەش بزاڤی ڕەوشەنگەری کوردستان دەیەوێت بناغەی ڕەوشەنگەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ڕێگای زانستی فەرهەنگیەوە لە قوتابخانەو زانکۆکان ڕا بناخەی بۆ دابڕژێت و بگوازرێتەوە بۆناو کۆمەڵگای کوردی بەگشتی و نێو حیزب و پێکهاتە ڕامیاریەکان بەتایبەتی کە سەرچاوەی هیواو ئومیدی خەڵکی کوردستانن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆی کورد.



## گووتاری دووەم :

### سیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و هەڵوێستی ناڕوونی دەوڵەتانی پەرژەوەندخواز لەهەمبەر کوردستاندا

بزوتنەوەکانی کورد لە کوردستان بە گشتی و لە باشور بەتایبەتی، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە زیاتر پەرەیان ستاندوە و لە شور و شەوقێك و دەسەڵاتێکی تەواودا بوون. لەم ڕووەوە تا ئەندازەیەك شۆڕشەکانی کورد لەگەڵ شۆڕشی نەتەوەکانی دیکەی گەلانی دونیا جیاوازی هەبووە. لە هەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی توندوتیژی دوژمنکارانەی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا لە سەدەی بیستەمدا دەستی پێکردووە و بێپسانەوەش سەرکوت و داپلۆسین وەك دیاردەیەکی سروشتی لەسەر کورد بۆتە پیشەی هەمیشەی داگیرکەرانی کوردستان و کوردیان لە هەر چەشنە مافێکی ئینسانی بێبەش کردووە. لەلایەکی دیکەشەوە پرشوبڵاوی میللەتی کورد و هەڵگرتنی دروشمی جۆراوجۆری حیزبیە کوردیەکان و کێشە نێوخۆیەکانیان وای کردووە , کە بونیادی سیاسی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان هەر لە دێر زەمانەوە تا ئێستا جۆرێك بووە کە کورد نەتوانێت ئەم سیستم و بونیادە عەشائیرو خێڵەکیە، وەك نەریت لەناو ببات، زۆر جارانیش ڕوناکبیرانی کورد , بۆ

لەناو بردنی ئەم سیستەم و بونیادە قەدیمیە هەوڵی خۆیان داوە، بەڵام هەوڵەکان سەرکەتوو نەبوون و هەروەك ئێستا تەنیا زەمینە بۆ سەر هەڵدانی بزوتنەوەیەکی ڕەوشەنگەری نیوەمۆدێرن پەیدابووە, بەڵام ئەویش لەلایەن دەسەڵاتەوە سەرکوت کراوە و لەو نێوەدا کورد نەیتوانیوە لە دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتانی داگیرکەریشدا بەشداری بکات. بەڵام لەم سەردەمەدا کە کورد لە بەشێکی کوردستان بە نیمچە دەسەڵاتێك گەیشتووە بزاڤی ڕەوشەنگەری وەك دیاردەیەکی نوێ باڵی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا کێشاوە و کەم و زۆر کاریگەری لەسەر سیاسەتی حیزبەکان داناوە کە هەندیك بەخۆیاندا بچنەوە. بۆ ئەو مەبەستە گەلی کورد لە مێژە لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان وەکو تایفە و عەشائیری گەورەو خاوەن نفوز ژیاون , کە هەرکام لەوان بۆ خۆیان خاوەن هێزێکی چەکدار بوون و لە کاتی پێوستدا توانیویانە بە ئاسانی لە بەرامبەر زوڵموزۆری و دەست درێژی دەوڵەتانی داگیرکەر ڕابووەستن و داکۆکی لە خۆیان و لە بەشێك لە خاکی کوردستان بکەن, بە لاَم لە دووای (حکومەتی مادد) لەبەر ناکۆکی ناوخۆیان ئەوان نەیانتوانیوە حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی لە سەتاسەری کوردستان دابمەزرێنن و خۆیان حوکم بەسەر کوردستاندا بکەن. هەر لەو کاتەشدا سیستەمی عەشیرەتگەری بەشێوەی ناوچەگەرایی و خێڵەکی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشاوە و بەدرێژایی مێژوو چەندین میرنیشینی سەربەخۆ لە هەرێمەکانی کوردستان لە سلێمانی بە نێوی بابان و لە بادینان بە نێوی بۆتان و لە ڕەواندوز بەنێوی سۆرانٍ و لە سنە و



مەریوان و کرماشان بە نێوی ئەردڵان و هەروەها لە باکوری گەورە و بچوك لە ژێر ناوی جۆراو جۆردا، عەشیرەتەکانی کورد لە بەشێکی بچوکی کوردستاندا نیمچە حکومەتی خۆیان دامەزراندووە. بەڵام چونکە دژایەتی یەکتریان کردووە نەیانتوانیوە ئەو نیمچە حکومەتانە لێك گرێبدەنەوە و بە دەستورو یاسایەکی دیاریکراوەوە سەربەخۆی خۆیان لەسەر ئاستی کوردستان و جیهان وەکو حکومەتێکی یەکگرتوو ڕابگەیەنن. زۆر جاریش دەوڵەتانی ناوەندی کەپێکهاتوون لە عەرەب و تورك و فارس، بە قازانجی خۆیان ئەو نیمچە حکومەتە میرنیشینانەیان دژ بەیەکتر هانداون و شەڕی خۆبەخۆیەتیان پێکردوون, هەر وەك لە شۆرشەکانی ئەیلول و نوێدا داگیرکەران توانیان هەمان پیلان لە سەر حیزبە کوردیەکان بەڕێوەبەرن و کورد بەیەکتر بەکوشت بدەن. ئەم ڕەوشە وەك دیاردەیەکی سروشتی وسوننەتی کۆنەپەرستانە تا ئەمڕۆش بە ڕووکاری بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە دیارە و حیزبیە کوردیەکان لەو سەردەمەشدا کە ئاستی تێگەیشتنی زانیاری سیاسیان لە ئاقارێکی بەرزتر دایە، سەرەڕای ئەوەش حیزبەکان نەیانتوانیوە لە فرسەتێکی شیاودا بۆ ئاشکرا کردن و مسۆگەر کردنی چارەنووسی کورد لەرێگای بزاڤێکی ڕەوشەنگەری مۆدێرنی کوردی پەرە بە تێکۆشانێکی نوێی خۆیان بدەن و سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن و وەك حیزبێکی سەردەم هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بکەن و یان وەك ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراتیك لە دەوری یەك تیئۆری کۆببنەوەو حکومەتیکی

یەکگرتووی کوردی دابمەزرێنن. بەداخەوە هەروەك ئێستا کورد پارچە پارچە و بەش بەش بوون و درێژەیان بە کێشە نێوخۆییەکانیان داوەو یەکتریان قبوڵ نەکردووە.

هاوکات لەگەڵ لە ناوچونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لە هەلومەرجێکی خولقاودا لەبەر نەبوونی دەسەڵاتێکی یەك پارچەیی کوردی و زاڵبوونی بیری خێلایەتی بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا نەتواندرا، کورد حکومەتێك لە باکور, یا ڕۆژهەلاَت و باشور جێگرتوو بکات. لەم ماوەیەدا هەر کام لە حیزبەکان تەنیا توانیویانە زەمینە بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی چەکداری, لە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان جیا لەیەکتر پێکبهێنن. عەشائیرە گەورەو بە دەسەڵاتەکانی کوردستان لەو سەردەمەدا زیاتر خەریکی شەڕێکی خۆبەخۆیی بوون و نەك پێکەوە سازان و دانانی ستراتیژیەکی هاوبەشی نەتەوەیی و ڕاگەیاندنی حکومەتێکی سەر بەخۆی کوردی. ئێستاش ڕێبەرایەتی حیزبە کوردیەکان لەگەڵ ئەوەش کە دونیای سیاسی گۆڕاوە، بەلاَم ئەوان هەر لە چوارچێوەی سیستەمی عەشیرەتگەریدا بیر لە چارەنوسی کورد دەکەنەوە و بە کاسەو ڕبەکەی جارانی دەپێون!! بەم جۆرە دەسەڵاتی کوردی سەروەت و سامانی کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووەو بەخێری خۆشیان بەشێکی کەم بۆ ئەو خەڵکەی کە ئەنفال و کۆڕەو و ڕاپەڕینی بەخۆیەوە بینیوە دادەنێن. بەداخەوە ئەو کات و ئێستاش عەقڵیەتی سیاسی ڕێبەرانی کورد بەگشتی لە ئاستێکی نزمدا بووە و هەیە و زیاتر



شەڕی دەسەڵات و پارە دەکەن و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ڕێکدەکەون، نەك شەڕ لەگەڵ داگیرکەرانی کورد و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی. زۆر جارانیش دەکەونە ژێر کارتێکەری دووژمنان بەقسەی ئەوان شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن. هەروەك لە شۆڕشی ئەیلول و نوێدا و هەروەها دوای ئینقلابی ئێران حیزبەکان نەیانتوانی پارسەنگی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیان لەگەڵ تورکیاو ئێران و عیراق بەشێوەیەك ڕابگرن کەزیان بەبەرژەوەندی گشتی نەتەوەی کورد نەگەیەنن.

ئەگەرچی بارودۆخی سیاسی کورد لە ڕوانگەی گەلانی دونیا بە گشتی و لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەباتدا، بە تایبەتی هەمیشە دەرفەتێکی کاتی بۆ کوردان ڕەخساندووە کە حکومەتی خۆیان ڕابگەیەنن، بەلاَم لەگەڵ ئەوەش هەنگاوی بۆ هەڵنەگیراوە. لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەتی دوو ڕویانەی دەوڵەتانی بەرژەوندخواز بەرامبەر بە کورد لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سیاسی ئابوری خۆیان داڕێژراوە و هەر بەم شێوەش هەڵسوکەوت لەگەڵ کورددا کراوە و بە قازانجی خۆیان لە سادەیی و دڵپاکی ڕێبەرانی کورد کەڵکیان وەرگرتوەو دەسەڵاتی کوردیش نەیتوانیوە لەو دەرفەتەدا ئامانجەکانی خۆی بپێکێت. بەم هۆیەوە ساڵانێکی دوورو درێژە مەسەلەی کورد هیچ لێکدانەوەیەکی لەسەر ئاستی دونیادا لەسەر نەکراوەو دەوڵەتانی جیهان بەگشتی و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بەتایبەتی باسێکی ئەو تۆیان لەسەر کێشەی کورد لە عیراق , ئێران , سوریەو تورکیە نەکردوە، کەبریتی

بێت له به ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستاندا. بەغەیری ئەوەی کەلە ئاکامی ڕوداوێکی ئیتیفاقی و بە هەڵکەوت لە مەیدانی ئەفکاری جیهانیدا بە هۆی شەڕەکانی یەکەم و دووەمی جیهان مەسەلەی کورد باس لێکراوە. لەم بارەوە کورد کەمترین شانسی هەبووە, تەنیا لە کیمیابارانی کوردستان بە گشتی و هەڵەبجە بەتایبەتی لەلایەن دوژمانەوە, بەدبەختیی و نەهامەتییەکانی میللەتی کوردی بەدونیا ناساندوە, کە ئەویش بەکەڵك وەرگرتنی دەوڵەتی عیراق لە چەکی کیمیاوی دژی کوردان بووە, کە بەکاری هێناوە, ئەوەی تریشیان لە ئاکامی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و پەلاماری دەوڵەتانی زلهێزی دونیا بۆسەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی و جەنگی نێوان ئەمریکاو سۆڤیەت بەتایبەتی و ئێران عێراق و سوریەو تورکیە بووە. بەم هۆیەوە دەمێکە میللەتی کورد بازرگانی پێوەکراوەو پارچەپاچە و بەش بەش کراوە, ئەو شکست و تێشکانانە دەتوانینین لە سێ خاڵدا کورت بکەینەوەو ئاماژەیان پێبکەین:

١ . پەیڕەوی کردنی بێ لێکدانەوەی حیزبە کوردیەکان لەسەر بارودۆخی کورد لەسیاسەت و ستراتیژیەت و ئایدۆلۆژیەتی چەپگەرانەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی جیهان کە ئەفکاری دژی ئیمپریالیستیان هەبووە. ئەو دیاردەیە ئەمرێکی تایبەت بووە کەلەلایەن چەپەکانی کوردەوە بەسەر کورددا سەپاوەو چەپەکانیش لە هەر شوێنێك بۆیان لوابێت سیاسەتی دژی ئیمپریالیستیان گرتۆتە



بەرو ئەو ستراتژیەتەش درێژخایەن بووە, و بەشێوەیەکی سوننەتی لەلایەن حیزبیە کوردیەکانەوە پەیڕوی لێکراوە، هەروەك لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا کورد کرا بە قوربانی سیاسەتەکانی دەوڵەتی شۆرەوی. لەدوایی ڕوخانی کۆمار بەشێك لە رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو بیرە چەپە مانەوە و لەم بارەیەوە, ئەوان کاسەی لە ئاش گەرمتر بوون!؟ و تا ئەو دوایانەش مەرگ بەر ئیمپرلیالیزمی ئەمریکایان دەگوت و دەگوتەوەو پەیڕەویان لەحیزبی پەیڕەوی ئێران دەکرد.

٢. دوایش مانع بوون و ئینکاری کردنی ڕەوابیت و پەیوەندیەکانی حیزبیە کوردیەکان لەگەڵ وەلأتانی غەرب لەسەر ئاستی کوردستان لاواز بوون, کە هەمیشە ئەو جۆر سیاسەت کردنە بەزیانی کورد تەواو بووە. لەم پەیوەندیەدا سیاسەتمەدارانی سەربەخۆی کورد دەتوانن سیاسەتی هەموو گروپە سیاسەیەکانی کورد هەڵسەنگێنن، کە چۆن بەشێوەیەکی سوننەتی و سانسۆری دوگماتیکی پەیڕەوییان لە بیری چەپ گەرایانەی سیاسی کردووە. لەلایەکی دیکەشەوە دژایەتی کردنی ئینگلیز لەسەردەمی دەسەلأتی شیخ محمودی نەمردا لەگەڵ ڕاگەیاندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردی کارتێکەری لەسەر دۆزی کورد داناوە و ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتەی ئینگلیز لەلایەن دەسەلأتی کوردیەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەڵوێستێکی لێڵیان هەبێت و ئاش بەتاڵ بەشۆڕش بکرێت ,ئەمانە بارودۆخی کوردی لەبار بردووە. بەم جۆرە ولایەتەکانی موسل و کەرکوك کەوتونە بن دەستی دەوڵەتی تورك و عەرەبە

سونیەکانیش حاکمیەتیان بەسەر بەشێك لە خاکی کوردستاندا کردووە ئیستاش بەردەوام عەرەبی شیعە و سونەو تورکەکان داوای حاکمیەت بەسەر کوردستاندا دەکەن.

٣. ئینکاری کردن لە پەیوەندی لەگەڵ غەربدا, هەتا لە هێندێك کاتدا کە بەقازانجی کوردانیش بووە لەلایەن سەرۆکایەتی حیزبە چەپەکان بە گشتی و حیزبی دیموکرات بە تایبەتی ڕەتکراوەتەوە. ئەو هەڵسوکەتانە ئەو ڕاستیە دەسەلمێنین کەحیزبیە کوردیەکان بێ لێکدانەوە پەیڕەویان لە ستراتیژیەتی چەپگەرایانەی حیزبە کۆمۆنیستیەکان کردووە و سیاسەتی سەربەخۆیان نەبووە. لەو نێوەندەدا کورد بۆتە سوتەمەنی نێوان دوو هێزی گەورەی دونیا و دوو ئایدۆلۆژیەتی دژ بەیەك و بەرژەوەندخوازی جیهانی, واتا ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات, ئەویش لە ئاکامی سیاسەتی نا دروستی ڕێبەرایەتی حیزبە کوردییەکان بووە. بۆ نمونە: تا ئەو ساڵانەی دوایش حیزبی دیموکراتی کوردستان بەهەمان خەت و ڕێبازدا ڕۆیشتووە و بەربەرەکانیان لەگەڵ غەربدا دەکرد و مەرگ بەر ئیمپریالیزمی ئەمریکایان دەگووتەوە. ئەم بارودۆخە وای کرد کەمیللەتی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتیدا نەتوانێت لە گۆڕانکاری جیهان بەگشتی و ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەتایبەتی وەك پێویست کەڵك وەربگرێت. ئەو ڕەوش و شێوەسیاسەت کردنەی حیزبیە کوردیەکان لە کوردستان بۆتە هۆی لە دەست دانی دەرفەت، و کورد نەیتوانیوە بە مافەکانی خۆی بگات و گەلی کورد تا ئێستاش بێپسانەوە لە ژێر سێبەری دەسەلاتی نەتەوەکانی عەرەب و تورك و فارسدا دەچەوسێندرێتەوە. لەلایەکی ترەوە دەوڵەتانی



بەرژەوندخواز بە قازانجی خۆیان گەلی کوردستانیان بەکارهێناوە و بە کاردێنن و بەردەوام بازرگانی پێوە دەکەن. نمونەشمان هەڵوەشانەوەی پەیمانی سێڤەرە لە لۆزان و کۆتایی هێنان بە شۆڕشی شێخ محمود و هەروەها کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلولە, کە هەر کام لەوان بوونە قوربانی بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێزی دونیا. هەر وەکو ئێستاش سیاسەتی ناڕوون و نادۆستانەی ئەمریکاو ئینگلیز بەرامبەر بە کورد, مەترسیەکی گەورەی بۆ نەتەوەکەمان پێك هێناوە. تێکۆشەران و ڕوناکبیرانی کورد لەم بارەوە بەلگەی ڕوونیان بەدەستەوەیە، کە لە قۆناغەکانی خەباتی خوێناوی مێژووی نەتەوەکەماندا هەلومەرجی باش هاتۆتە پێش، کە کورد بتوانێت سەربەخۆیی بوونی خۆی ڕابگەیەنێ، بەلام لەلایەکی دیکەشەوە لەبەر کێشە نێوخۆیی و دەسەلاتخوازی حیزبەکان و کێبرکێی ڕێبەرەکانیان لە نێو بزوتنەوەدا ئەم هەنگاوە هەڵنەهێنەراوەتەوە و ویست و ئاواتەکانی خەڵکی کورد گۆڕ کراون. وە هەروەها سیاسەتی دیکتاتۆرانەی ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەیەکان و هەڵوێستی ناڕوونی دەوڵەتانی بەرەژەوەندخواست، لە ناوچەکەدا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سێڤەر هەبووە و لە پەیمانی لەوزاندا مافەکانی کورد لەباری سیاسیەوە پێشلکراونەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٥دا بالآنسی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە شۆڕشی کورد بە ڕێبەرایەتی پارتی و بارزانی، بەلای حکومەتی ئێران و عێراقدا شکایەوە و بە ئیمزاکردنی پەیمانی (الجزائیر) شۆڕشی کوردیان بۆ ماوەیەك کۆتایی پێهێنا. لەم ڕووەوە تێروانینی سەرکردە کوردەکان سەبارەت بە

سیاسەتەکانی ئەمریکا نە ئەو کات و نە ئیستا لە جێی خۆیدا نەبووە. ئێستاش ئەمریکا بە نسبەت کوردان بە ڕووالەت دڵسۆزی خۆی نیشان دەدا، بەڵام بە کردەوە مەعلوم نییە ئەو دڵسۆزیە و هاوکارییەی بەرامبەر بە کورد چەندەیەو تاکەی بەردەوام دەبێت و بڕ دەکات. چونکە ئەمریکا لەکاتێکدا کە خۆی بە دۆستی کورد دەزانێت لە هەمان کاتیشدا ئەرکی ژاندارم بۆ دەوڵەتی تورکیە دەبینی و پشتیوانی لە ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی تورك دەکات بۆ سەر کوردستان. لە پاڵ ئەمەشدا ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە گشتی و حیزبە شیعەکان بە تایبەتی کە دۆستی دوێنێی کورد بوون ئەمڕۆ دژایەتی کورد دەکەن و ڕێگرن لەبەردەم ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا. بەم هۆیەوە پێویستە لەمە بەدوا میللەتی کورد نەبڕاوانەو نەترسانە باس لە سەربەخۆییبوونی خۆی بکات و بەکردەوەش بێتە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ موخالیفانی ئەم فکریەت و ڕەوتە. هەروەك دەزانین ئێستا سیاسەتی ئەمریکاو ئینگلیز لە پەیوەندی لەگەڵ عراقی شیعەو سوننەی عەرەب و تورکیا و ئێراندا، بە وەبەرچاوگرتنی بەرژەندی خۆی و ئاستی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ یەکتردا بە نسبەت کوردەوە سیاسەتێکی ترسناکە, چونکە ئەو وەلأتانە بە یەکەوە هەمیشە هەوڵ دەدەن کێشەی کورد بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی لەو نێوەدا گۆڵی خۆیان بکەن. لەم بارەشەوە بەداخەوە هەمیشە داگیرکەران سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و توانیویانە بەشێك لە خەڵکی کوردستان بکەن بە دژە شۆڕش و پرۆسەی ڕگواستن و ئەنفال و کیمیا باران و زیندە بەگۆڕ لەسەر کورد



بەڕێوە ببەن و بەشێك لەخەڵکی کوردستانیان کردۆتە دژە شۆڕش، هەروەك لەشۆڕشی ئەیلولیشدا ئەم رەوشە دەسەڵاتخوازیە گران بەسەر بزوتنەوەی کورد دا شکایەوە.

لەم پەیوەندیەدا هەر ئێستاش دوژمنانی کورد چاویان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵنایەو دەیاننەوێ ناو و ناوبانگی ئەو حکومەتە لەسەر تابلۆی سیاسی جیهان بسڕنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی مەرکەزی عراق و تورکیاو وئێران پشتیوانی لە شیعەو سوننەکانی عەرەب دەکەن. وە هەروەها ڕەزایەتی ئەمریکاش بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی دەوڵەتی تورك لە دژی کورد، شکو گومانێکی زۆری سەبارەت بە سیاسەتی دوو ڕویانەی ئەمریکا بۆ کوردان پێکهێناوە و کەس ناتوانێت قەزاوات بکات کە تای تەرازووی سیاسەتەکانی ئەمریکا بە کام لادا دەشکێتەوە. هەر وەك بە درێژایی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق، ئەمریکا پشتیوانی لە دەوڵەتی عێراق کرد. بەڵام دوای تەواوبوونی شەڕ و پەلاماردانی عێراق بۆ سەر کوێت و داگیرکردنی ئەو ولأتە، سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق گۆرانکارییان بەسەردا هات و گەمارۆی ئابووری خرایە سەر عراق و هێزەکانی عیراقیشیان لەو وەلأتە وەدەرنا, هەروەها سنوری ئەمنیان بۆ کوردان دیاری کرد بەڵام کورد نەی توانی ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوەو حکومەتی سەربەخۆی کوردی ڕابگەیەنێت.

تا ئێستاش ئەمریکا و هاوپەیمانانی حازر نین مافی کوردان بە ڕەسمی بناسن و نوێنەرایەتی کوردان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا قبوڵ بکەن. بەم هۆیەوە هەمیشە چارەنووسی

کورد لە هەموو قۆناغەکانی خەباتیدا بەستراوەتەوە بە موعادەلاتی سیاسی وەلاّتانی بەرژەوەندخواز لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە ناوچەکەدا.

لەم ڕووەوە پێویستە پەیوەنیەکانی کورد لەگەڵ وەلاّتانی بەرژەوەند خواز لەسەر بنەمای قەراردار و نوسین بێت و خەبات لە دژی داگیرکەران بکرێت. بەشێوەیەك کە زیان بە بەشەکانی دیکەی کوردستان نەگەیەنێت وئەو بەشەی دیکەی کوردستانیش وەك ئێستا، ئەوانی تر نەکاتە قوربانی سیاسەتە کاتییەکانی خۆی و سات و سەودا بەیەکتری نەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە گەلی کورد بە گشتی و حیزبە ناسیۆنالیستەکان بە تایبەتی نابێ یەك لایانە چەپ ئاژۆ یا ڕاست ئاژۆ بن و سیاسەتەکانی خۆیان گرێ بدەن بە دەوڵەتانێك کە کورد بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاربێنن, بەڵکو دەبێت کورد سیاسەتێکی سەربەخۆی و بەرینی هەبێت و بە کردەوەش پەیڕەوی لێ بکات و پارسەنگی سیاسەتەکان بە لای دەوڵەتانێکدا بشکێتەوە کە بە کردەوە دۆستی ستراتیژیکی گەلی کوردن. کە بە داخەوە تا ئەمرۆش خەڵکی کوردستان دۆستێکی ئایدۆلۆژیکی و هاوستراتیژییەکی لە جیهاندا نەبووە و زۆربەی دۆستەکانی کورد بازرگانیان بە کورد و کوردستان کردوە و دیسانیش تەمومژی ئەو ترس و گومانانە لەسەر کورد نەڕەوییوەتەوە. بۆ نمونە ئاشتی نێوان ئێران و عێراق چ لەسەردەمی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥و چ لە دووای شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، ئەو ڕاستییە دەسەلێنێت کە هەردوو ڕژێمەکە دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی گەلی کوردستانن و لەسەروی ئەوانیش ڕژێمی



ڕەگەزپەرستی عەرەبی ناسیۆنالیستی سوریایە و لەگەڵ دەوڵەتی تورکیادا، کە باوەڕی هەر یەك لە ڕژێمی شا و کۆماری ئیسلامی بە کورد لە باشوری کوردستاندا بنەمای لەسەر چەندایەتی دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەگەڵ دەوڵەتانی عێراق هەبووە و هەیە، نەك لە ڕووی دڵسۆزی بۆ حیزبە کوردییەکان و خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان. بەو سیاسەتە دوو ڕوویانە هەم دەوڵەتانی بەرژەوەندخواز وهەم داگیر کەرانی کوردستان توانیویانە حیزبە کوردییەکان لە داو بخەن و بە قازانجی خۆیان دژی یەکتر بەکاربیەن و ئاشبەتاڵیان بە شۆرشەکان کردووە. هەر وەك دەبینین ڕژێمی تورکیا ئێستاش خۆی بە خاوەنی باشوری کوردستان بە گشتی و پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوك دەزانێت و بۆ ئەو مەبەستەش لشکرکێشی بۆسەر کوردستان دەکات و دەییەوێت بە بیانووی شەڕ لەگەڵ پەکەکە دەست بەسەر باشوری کوردستاندا بگریت و حکومەتی هەرێم لەناو ببات و خۆی وەك پاڵەوانی مەیدانەکە بمێنێتەوە و سەروەت و سامانی کوردستان بە تالاّن ببات ئەمریکاش راستەوخۆ پشتیوانی لەپیلانەکانی رژێمی تورك دەکات دژ بە کورد.

لەم ڕووەوە پێویستە حیزبە کوردییەکان بە گشتی و دەسەلاّتی سیاسی کورد بە تایبەتی بە کردەوە ریفۆرم لە سیاسەت و شێوازی بەڕێوەبردنی وەلاّت دا بکەن، واتا جۆرێك هەڵسوکەوت لەگەڵ داگیرکەران بکەن کە نەتوانن لە کوردستان دژی کورد پیلان دابڕێژن وجارێکی دیکە شۆش تێکەڵ بە فرمێس و خوێن بکەنەوە.

## گووتاری سێیەم :

# ریفۆرم لە دین و دەوڵەتدا

## ڕیفۆرم لە دین و دەوڵەتدا بەگوێرەی سەردەم پێویستیەکی ئەم قۆناغە خەباتەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە لە دونیادا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە تایبەتی لەسەروی ئەوانیش کۆمەڵگای کورد

ریفۆرم بەشێوەی سیکۆلار، واتا گۆرانکاری عەلمانی لەسەر بنەمای زانستی سیاسی ئابووری و کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی لەبواری ڕەوشەنگەریدا بۆ کومەلگای مرۆڤایەتی بەگشتی و کۆمەلگایی کوردی بەتایبەتی لە دین و دەولەت و سیاسەت دا زەرورەتێکی سەردەمیانەیە، بۆ ڕزگاری کۆمەلگای مرۆڤایەتی و هەروەها کۆمەلگای کوردی لە داب و نەریتی دواکەوتوانەی، کە لەلایەن دوژمنانەوە بەسەر نەتەوەکەماندا سەپاوە. بە تایبەتی پێویستە لەئێرانی ئەمڕۆدا دین لە سیاسەت جیابکرێتەوەو چیتر داگیرکەران بە گشتی و رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەتایبەتی بە نێوی دین زولم لە خەڵکی کوردستان نەکەن و خورافات و درۆکردن برەو پێنەدەن.بەپێی ئوسولێ دین و دەولەت بە



دیاری کردنی یاساو دەستوور، بۆ حکومەت و دەسەلأتی سیاسی یان دینی هەر میللەتێك پێویستیەکی حەیاتی ژیانە, بەمەرجێك دین ماهیەتەن لەسیاسەت جیابکرێتەوە وچەواشەکاری لە یاساکانی دین و دەولتدا نەکرێت بەلأم لەئێرانی ئەمڕۆدا ئەم رەوتە پەیڕەو دەکرێت. بەواتای ئەوە کەئەو یاساو دینە بەقازانجی کۆمەلأنی خەلك کەلکی لێوەربگیرێت , نەك لەپێناو دەسەلأتدارانی دین و دەولەتدا بەراوەژوو بکرێتەوە, هەروەك ئەوەی کەڕژێمەکانی تورك و فارس و عەرب بەو ناوە, لەمێژساڵە کورد دەچەوسێنەوە. بەلکو پێویستە دین و سیاسەت بە شێوەی سیکۆلار و جیا لەیەکتر وەك خۆی بەشێوازێك چاکسازی تێدا بکرێت کە کۆمەلگا لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەلأیەتی و فەرهەنگییەوە گەشەبکات و ئامانج و ئارەزووەکانیان لە چوارچێوەی ئەو یاساو دەستورو دابونەریتە خورافیاتیەی سەپاو بەسەر دین دا بێتە دەرێ. ئەو کات بێگومان هەم ئەودەسەلأتە سەقامگیری بە خۆیەوە دەبینێت , هەم لەژێر سێبەری ئەم دەسەلأتەدا ئەمنیەت و ئاسایش و مافەکانی خەلك دابین دەکرێت. کاتێك ئەمنیەت و ئاسایش بۆ خەلك دابین کرا, بێگومان خەلکیش ملکەچی بڕیارەکانی دەسەلأت دەبێت و پەیڕەوی لە حکومەتێك دەکات کەنیازو پێداویستیەکانی لەوێدا دابین دەکرێت. لەهەمان کاتیشدا خەلك دەیەوێت لە چوارچێوەی ئەو دەسەلأتی دین و دەولەتەدا ژیان بکات و لێی تەریك نەبێتەوە , بەلکو لە هەموو بوارەکانیدا پشتیوانی لێدەکات. بەلأم مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە ئەو دەسەلأت و دین و دەولەتە بە کردەوە بە ئەنجام

گەیاندنی ئەرکەکانی خۆی لە مەڕ چارەسەر کردنی کەموکوڕی و نابەرابەریەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەنگاو بەهەنگاو بچێتە پێش و مافەکانی خەڵك بپارێزێت و زوڵم و زۆری و ناعەدالەتی و چەوساندنەوە خاشە بڕ بکرێت، لەم پێوەندیەدا هیچ بیانویەك و پاساودانێك بۆ خەڵك نامێنێتەوە کە بەکردەوە پشتیوانی لە دەسەڵاتێك نەکەن کە لەوێدا نیازو پێداویستیەکانیان دابین کراوە. وە هەروەها هیچ بروبیانویەك بۆ حوکمەت و دەسەڵات نییە کە نەتوانێت یاسا وەك خۆی کە داڕێژاوە بەڕێوەی نەبات. بەم شێوە دەسەڵات و حکومەت بە خەڵکی دەبێت و جیاوازیەکان بن بڕ دەکرێن. هەر کات ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەبواری ئەخلاقی سیاسی و ویژدانی مرۆڤایەتییەوە گۆڕانیان بەسەردا هات. دەسەڵاتی سیاسی کوردیش توانی نیازو پێداویستیەکانی خەڵکی لەڕێگایی دیموکراسی و بەشێوەی دادپەروەرانە دابین بکات و مافەکانی خەڵکی بەشێوەی یەکسان بپارێزێت، بێگومان ئەو بۆشایەیی نێوان خەڵك و حکومەت پڕ دەکرێتەوە و خەڵك دەسەڵات بەهی خۆیاندەزانن و دوژمنان کورد ناتوانن بە قازانجی خۆیان لەم کەش و هەوا لێڵەدا کەڵك وەربگرن.

لەغیری ئەوەدا بۆشایی زیاتر دەکەوێتە نێوان خەڵك و حکومەت، سەر ئەنجام دوژمنانی کورد لەم دەرفەتە بە قازانجی خۆیان بۆ لەباربردنی ئەم دەست کەوتە مەزنەی کە مەعلوم نییە چارەنوسی کورد بەکوێ دەگات, واتا دژی ئەو نیمچە دەسەڵاتەی کوردی پیلانی هاوبەش دادەڕێژن و کارەساتەکانی بزوتنەوە شورشگێرەکانی کورد



جارێکی دیکەش لەسەر کورد دووبارە دەبێتەوە. چونکە تا ئەمڕۆش هیچ زەمانەتێك نییە بۆ مانەوەی ئەم دەسەڵاتە سیاسیەی کە پێی دەگوترێت حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوی فیدراڵی لێنراوە. لەم بارەیەوە پێویست بە پێداچوونەوە ناکات بەڵکو ڕاستیەکان بۆ خۆیان دەدوێن. لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەتانی زلهێزی ئەمریکاو ئینگلیزو هاوپەیمانان سیاسەتێکی ڕوونیان لەمەڕ چارەسەر کردنی کێشەی کورد نییە و لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەربەتایبەتی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵیش , کە نایانەوێت کورد ببێتە خاوەن کیانی خۆی و دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت. ئەم هەڵسوکەوتەی کەئێستا ئەمریکاییەکان لەگەڵ کوردی دەکەن و خۆیان لە واقیعی ڕاستییەکان دەبوێرن لە گاڵتەجاڕییەك بترازێت هیچی تر نییە کە بەشێوەیەك گەلی کوردستان دڵی پێخۆش بکات و دڵنیا بێت لەوەی کە جارێکی دیکە بازرگانی پێوە ناکرێت و سەرئەنجامەکەی ناکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی عێراق. بەداخەوە دەسەڵاتی سیاسی کورد تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە کێشەی کورد لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانانی یەکلابکاتەوە و ئەوەی گوتراوەو باسی لێوە دەکرێت هەر لە چوارچێوەی قسەدایە, نمونەشمان ئەو پەیوەندییە دیپلوماسیەی حیزبەکانە لە وڵاتانی دراوسێ و ئوروپا بەگشتی و ئەمریکا بە تایبەتی کە حیزبەکان دایان ناون و بەنێوی حکومەتی هەرێم لە هیچ وەڵاتێك باڵوێزخانەیەك دانەندراوە و وەك نوێنەری حکومەتی کوردی بە وەڵاتان نەناسێنراون، کەنوێنەرایەتی حکومەت بکات و کورد دڵی پێخۆش بکات بە تایبەتی

له ئێران و تورکیا و سوریا کە کوردی لێدەژیت. نمونەی دووهەم شاری کەرکوك و ماددەی (١٤٠)ە کە کەرکوك شاری کوردانە ڕیفراندۆم چ مانایەکی هەیە!؟ ئەمەش شك و گومان پێکدێنێت کە کەرکوك شارێکی کوردستانی نییە و ئەمریکاش لە چارەسەرکردنی کێشەکە خۆی دەبوێرێت.

نمونەی سێهەم دەرهێنانی نەوتە لە کوردستان کەتا ئێستاش حکومەتی مەرکەزی ڕێگرەو مەودا نادات بە حکومەتی هەرێم پرۆژە نەوتیەکانی کە لەگەڵ شەریکە بیانیەکاندا گرێیداوە و ئیمزای کردووە ئەنجام بدرێن ودەست بەکاربن. نمونەی تریش دەست ئاواڵاکردنی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانە لە ژێر دەسەلاتی کوردیدا، بەتایبەتی تورکیا و ئێران کە دەیاننەوێت پیلانی هاوبەش لە دژی دەسەلاتی کوردی دابڕێژن و حکومەتی هەرێم لاوازبکەن. بەداخەوە دەزگا حیزبی و حکومیەکانی کورد لە باشوری کوردستان هەر کام بە بەشی خۆیان مەیدانی پیلاندانانیان بۆ جاسوسی و سیخوری ئەو ڕەژیمانە لە کوردستاندا ئاوەڵە کردووە و دژی بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان چالاکی ئەنجام دەدەن. ئەمانە و دەیان نمونەی ترمان هەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە ئەمریکاو ئینگلیز نایانەوێت کورد ببێت بەخاوەن وەڵاتی خۆی و حکومەتی سەربەخۆی هەبێت و بە کردەوە پشتیوانی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ عیراق ناکات. هەر لەو کاتەشدا ئەمریکا ڕۆڵی ژاندرمە بۆ ڕژێمی تورکیا لەسەر کورد دەبینی بە بەهانەی شەڕ لەگەڵ پەکەکە، ڕێگا بە دەوڵەتی تورکیا دەدا



پەلامار بداتە سەر کوردستان بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕانی کورد لەناو ببات. لەم ڕووەوە پێویستە حکومەت و دەسەلاتی سیاسی کورد بە بەخۆداچوونەوەیەکی زانستیانەی سیاسیەوە بۆ هەرچی زیاتر هەنگاونان بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی کورد و نیشاندانی پێناسەی ئیتنیکی نەتەوەی و ئاینی کورد بە جیهان، سیستەمی فیدراڵی کە کەمترین مافە بۆ کورد لەو سەردەمەدا، ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. بۆئەوەی چیدی میللەتی کورد لەژێر قەیدو بەندی حکومەتی مەرکەزی عیراقدا نەمێنێتەوە. لەم بارەوە کورد گوتەنی: (باران لەکاتێکدا بباریێت کە کشتوکاڵ پێویستی پێیەتی و تینویەتی بشکێنیت) ئەم بارو دۆخەی کە ئێستا کورد تێیدایەتی قۆناغێکی گەلێك ئەستەمە و ترسناکە,کە نەتەوەی کوردی لە چارەنوسێکی نادیاردا هێشتۆتەوە. بەم هۆیەوە پێویستە دەسەلاتی سیاسی کورد بەدیدوبۆچونیکی دیکەوە بیر لە چارەنوسی کورد و شێوەکانی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی بکاتەوە و بەهۆشیاریەکی زیاترەوە لەگەڵ ئەمریکاو هاوپەیمانانی وهەروەها دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هەڵسوکەوت بکات و سیاسەتێکی سەربەخۆیانە بگرێتەبەر و نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بخاتە سەرشانی خۆی , بەڵام مخابن ئەو دەست ئاواڵە کردنەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکە ڕەگەزپەرستەکان لە کوردستان، هەڕەشەیەکی بێ ئەملاوئەولایە لە چارەنوسی دوارۆژی کورد. لەم بارەیەوە مێژووی ڕابردومان شاهیدی کارەساتەکانە و زۆر ڕووداوی دڵ تەزێنمان بیر دەخاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی کوردستان

دەسەڵات و حکومەتێکیان دەوێت کە داکۆکی لە مافەکانیان بکات و سەرەوەری گەل و وەڵات بپارێزێت. ئەو دەسەڵاتەش دەبێ خۆی بە خاوەنی خەڵکی کوردستان بزانێت و ڕاستگۆیانە ویستەکانی خەڵکی کوردستان بە دوژمنان ڕابگەیەنێ. ڕێبەرایەتی حیزبە کوردییەکان دەبێ ڕاشکاوانە و نەترسانە داوای مافەکانی خەڵکی کوردستان بکات، کە بریتیە لە سەربەخویی بوونی گەلی کورد. ئەو کات کە جیاوازیەکان چارەسەر کران و تەرازووی عەدالەت کاری پێکرا، بێگومان خەڵکی کورد پەیڕەوی لە دەسەڵاتێك دەکات کە چینی فەقیر و هەژار و خەڵکی ئاسایی بە تایبەتی لە سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا بە مافەکانی خۆیان شاد دەبن. ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەم نابەرابەری و جیاوازیانەی دەسەڵاتی سیاسی و پێشێلکاری مافەکانی خەڵك، بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان حکومەت و دەسەڵات بە هی خۆیان نەزانن. ئەمەش وای کردووە کە خەڵکی کوردستان تەنانەت بۆ بە بەدەست هێنانی مافە سەرەتاییەکانی ژیانیان کە بریتیە لە: ئاو و کارەبا، سوتەمەنی و نان و ئازادی، کە پێویستیەکی حەیاتین و هەروەها دروست کردنی ڕێگاوبان و نیازەکانی تریان بە شێوەی دیموکراتیانە بێنە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ حکومەتەکەی خۆیان و هەوڵبدەن بۆ ئەوەی بەدیلێکی سیاسی دیکەی نوێ لە غەیری یەکێتی و پارتی لە هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانەدا بێننە سەر دەسەڵات, ئەو کات نەك هەر پارتی و یەکێتی تەنیا زیانیان پێ دەگات , بەڵکو چارەنوسی خەڵکی کوردستانشی بەرەو ئاستێکی ترسناك و نادیار مل دەنێت,کە ئەویش بە



دەستەوەگرتنی دەسەڵاتە لە لایەن حیزبە ئیسلامیەکانەوە. لێرەدایە کە دەسەڵاتی سیاسی ئەوەندەی بۆ دەمێنێتەوە کە پەنجەکانی خۆی بشکێنێتەوە و وەك ئۆپۆزسیۆنێك (موعارەزە) لەلاوە بۆ بە بەدەستهێنانەوەی ئەو دەسەڵاتە لەدەست چووەی خۆیان، بە خۆیاندا بچنەوە و شێوە خەباتێکی تر بگرنەبەر، ئەمەش نە بە قازانجی کوردە و نە بە قازانجی ئەو دەسەڵاتەیە. بەم هۆیەوە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی کوردی بە گشتی و پارتی یەکێتی بە تایبەتی ڕەوتێکی نوێ بگرنەبەر و لەمەبەدوا بە قازانجی گشتی خەڵك، بە پلاتفۆرمێکی نوێوە هەنگاو بەهەنگاو بچنە پێش وچارەسەری گەندەڵیەکان بکەن و گوێ بۆ داوا و پێشنیارەکانی خەڵك ڕابگرن و ڕە خنە قەبوڵ بکەن. لە هەمان کاتیشدا دەبێ دەستی دەوڵەتانی داگیرکەر لە کوردستان کورت بکەنەوە و لەوە زیاتر مەیدانیان پێنەدەن کوردستان بکەنە بنکەی جاسوسی و دانانی باندی تیرۆرستی لە دژی کورد. بەڵکو هەوڵبدەن بۆ پێکهێنانی ستراتیژێکی هاوبەشی نەتەوەیی لەگەڵ پارت و ڕێکخراو و پێکهاتە سیاسیەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و لێکگرێدانی خەباتی هەمەلایەنەی نەتەوەیی کورد بەشێوەی ڕەوشەنگەری, کەش و هەوایەکی باشی دیموکراتیك پێکبهێنن و بە شێوەیەکی عەقڵمەندانەی سیاسیەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن. چونکە تا ئەمرۆش کورد هەر بازرگانی پێوە کراوەو لە تێشکاندا هیچ حیزبێکیش خۆی بە بەرپرس نەزانیوە هەر وەك دوای ئینقلابی ئێران لە ڕۆژهەلاتی کوردستان حیزبە شۆرش گێڕەکانی کورد خۆیان بەری

لەهەڵە دەزانن و دان بە ڕاستیەکاندا ناهێنن. منیش بۆ ئەو مەبەستە و بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری ڕووداوەکان، واتا بە شێوەیەك کە مێژووی کارەساتەکانی ساڵانی ڕابردوومان لەسەر گەلی کورد دووبارە نەبنەوە، ئەو باسانەم هێناونە گۆڕێ، بەڵام حیزبەکان قبوڵی ئەو ڕاستیە. بەداخەوە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە نێو حیزبە کوردیەکان و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا دەستیان ئاواڵا کراوە و جارێکی دیکەش دەیانهەوێت پیلانی هاوبەش لەسەر گەلەکەمان بەرێوەببەن و بە کەیفی خۆیان بە ناوی دیپلۆماسسیەت، بنکەی جاسوسی لە کوردستان دامەزرێنن, کەوابو دەبێ لە کارەساتە تفت و تاڵەکان ئەزموون وەربگرین و بۆ زیاتر بردنەسەری ئاستی زانیاری سیاسی دیپلۆماسی و ئابووری، کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و گەشەکردنی حکومەت و شەفافیەتدان بە بزاڤی ڕەوشەنگەری و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دامەزراندنی حکومەتێکی میللی دیموکراتیکی نەتەوەیی، بۆ سەلماندنی پێناسەی ئیتنیکی نەتەوایەتی خۆمان و بە جیهانیکردنی حکومەتی کوردی تێبکۆشین و هەموو حیزبە کوردییەکان بەیەکەوە هەوڵبدەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیلانی دوژمنان کە خۆیان لە بەرگی دۆستایەتیدا شاردۆتەوە. هەروەها پێویستە حیزب و ڕیکخراو و پێکهاتە سیاسیەکان راکیشی مەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بکەین و دەرفەت بە دوژمنان نەدرێت لەو زیاتر کوردستان بکەنە هێلانەی جاسوسی خۆیان و لە پشتەوە ڕا خەنجەر لە پشتی کورد بدەن. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ حیزبەکان



ستراتیژیەکی هاوبەشی نەتەوەییان هەبێت و پابەندی ئەو تیۆرییە نەتەوەییە بمێننەوە, کە کورد وەك نەتەوەیەك خۆی بە جیهان بناسێنێت. بە هەمان شێوەش هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆست و دوژمنان بکرێت، ئەگەر بشمانەوێت لە شێوەکانی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنان شارەزابین و شێوازی دەوڵەتداری بەشێوەی ڕەوشەنگەری و یەکسانی دادپەروەری بەتەواوی فێربین، دەبێ لە پێشدا دیموکراسی بکەینە بنچینەی خەباتمان و بزانین گەلی کورد چ شێوە حکومەت و دەسەلاتێکی دەوێت و دەبێ چۆن هەڵسوکەت لەگەڵ دوژمنان بکەین. لەم بوارەدا بەچەند کتێب و گوتار لەبەرهەمەکانی فەیلەسوفانی بەناوبانگی جیهان (کانت، دیدرۆ، نیوتن، داستایۆسکی، وجۆنلۆك، مۆنتیسکیۆ، لە نوسینەکانی لوئی ئەسپێرسن) دەکەم کە بریتین لە: (ڕەوشەنگەری هەنگاوی یەکەم، کتێبی چەند گوتارێك لەبارەی تۆتالیاریزم(وەرگێڕ:خدر مەرەسەنە) ، کتێبی بوونیادەکانی دیموکراسی و ئەخلاقی سیاسی بە شێوەی زانستی لە نوسینەکانی کانت، ئەخلاقی نیکۆماخۆستی ئەرستۆ، فازانجی گەل، جان ئەریستورات، سەیروسەمەرە و جیاوازی لە دین و دەوڵەتدا و هەروەها دواین سروشتیەکانی ئەخلاقی سیاسی کانت، لەگەڵ چەندین کتێب و گووتاری تر کە بە هەموو زمانەکانی فارسی، تورکی، کوردی، عەرەبی ، وەرگێدراون و لە کتێبخانە گشتیەکاندا مەوجودن لەگەڵ چەندین پەرتوکی دیکەی ئەخلاقی سیاسی ئابوری و کۆمەلایەتی وهتد....).

ئەمانە هەرهەموویان رێ نیشاندەرمان دەبن و کاریگەرییان لەسەر ژیان و خەباتمان دەبێت. بێگومان خوێنەران و ڕوناکبیرانی کورد باش دەزانن کە گەلانی دیکەی دونیاش هەر بەهۆی ئەزموون تاقیکاری و زانستەوە توانیویانە لەژێر قەید و بەندی دیلیەتی و کۆیلایەتی خۆیان ڕزگاربکەن و لەم جیهانەدا بەهەشتێکیان بۆ خۆیان سازکردووە و تەنانەت بۆ خەڵکی وڵاتانی دواکەوتووی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهانی ئیسلام و ئەفریقاش دروستکردووە. هەر هەموویان بە مافی یەکسانەوە لەو بەهەشتە دەست کردەدا ژیاندەکەن. ئێمەی کوردیش وەك نەتەوە، ئەگەر هیممەتمان هەبێ هیچمان لەگەلانی دیکەی دونیا کەمتر نییە، ئەوەی نیمانە یەکێتی بە کردەوە و نەبوونی ڕیبەرایەتیەکی راستگۆو ئاکتیف و دڵسۆز و هۆشیارە. لەم ڕووە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەهۆی تام و چیژ لە دەسەڵات لەوە زیاتر گەلی خۆیان لە بیرنەکەن و ئاوڕێك لەخەڵك بدەنەوە. بۆ ئەوەش کە بەرپرسانی حکومەت هەست بە دەردو ئازارەکانی خەڵك بکەن دەبێ بزانن کە هەموویان بە نێرو مێوە ئەندامی یەك جەستەن و هەرکات یەکێك لە ئەندامانی جەستە ئازاری پێگەیشت، هەموو جەستەی مرۆڤەکان ئازاریان پێدەگات، بەڵام موخابن ئەوان لە دەردو ئازارەکانی خەڵك بێ خەبەرن و ناتوانن بە خۆیاندا بچنەوە. هەر بۆیە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی کورد هەست بە دەردو ئازارەکانی خەڵکی خۆیان بکەن و وەك باوك هەڵسوکەت لەگەڵ خەڵکی کوردستان بکەن. ئیدی کۆتایی بەو شێوازە حکومکردنە بێنن، کە هەموو شتێك بۆ



خۆیان و هەموو شتێك لەخۆیان بێت. گەلی کوردستان ئەگەر بەڕواڵەتیش بێت پێویستی بە کەسایەتیەکی گەورەی خاوەن خەبات وەك سومبولیك هەیە. بە واتایەکی دیکە دەبێ بەرێزان (بارزانی و تالەبانی) بە چاوی ئەولادو باوکایەتی سەیری گەلی کوردستان بکەن و هەوڵبدەن ڕوحی هاوکاری و هاوفیکری و خۆشەویستی لە نێوان ڕیزەکانی خەڵکی کوردستاندا دروست بکەن و بەرجەستەی بکەنەوە وسیستەمی حیزب حیزبێنە خاشەبڕ بکەن و وەك ڕێبەرێکی نەتەوەیی خۆیان بە دۆست و دوژمنان و جیهانیش بناسێنن، ئەو کاتە گەلی کوردستان دڵیان بە ڕێبەرانی خۆیان خۆش دەبێت. بەڵام بە داخەوە تام و چێژی دەسەڵات وای لێکردوون خەڵکی خۆیان لە بیربکەن. هەموو دەسەڵاتداران باش دەزانن کە ئەو شۆرشە بەنان و جلوبەرگی خەڵکی کوردستان و بەخوێنی هەزاران شەهید و بە کۆرەو و ئاوارە بوون و ڕاپەڕین گەیشتۆتە ئەو ئاستە کە نیمچە حکومەتێکی جێنەگرتوو دامەزرێنراوە و ئەو حکومەتە مایەی ئومێدە بۆ خەڵکی کوردستان. کە وابوو ئەوەی هەیە هی هەمووانە و با بەرهەمەکەشی بۆ هەمووان بێت. ئیتر بەسە تەماعکاری و چاو چنۆکی و خۆبەزۆرگری بەرپرسان و دەسەڵاتداران، با ئەوان چاو بەگەل و نیشتماندا بخشێننەوە و وەك ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو ڕەفتار لەگەڵ خەڵکدا بکەن هەروەك (غاندی) لەگەڵ خەڵکی هیندستان و (مێندێلا) لەگەڵ خەڵکی ئەفریقا کردیان. بۆ نموونە (سلاح الدین)ی ئەیوبی و (کەریم خانی زەند)یش کە کورد بوو نەیانتوانی خزمەتی نەتەوەی خۆیان بکەن و

خێروبێرەکەی هەموو بۆ عەرەب فارس بوو!؟ لەم ڕووەوە سەرۆك کۆماری ئێستای عیراقیش کە (مام جلال)ە دەبێ هەوڵەکانی لە پێناو سەرخستنی نەتەوەکەی دا بێت و سیاسەتێکی ڕوونی بەرامبەر بە کوردستان هەبێت، نەك کردەوکانی لە خزمەت دوژمنانی کوردا بێت. مخابن سەرکردەکانی کورد لەبەرامبە دوژمنانی کوردا خۆیان بچوك دەکەنەوە و لەبەرمبەر میللەتی خۆشیان دا خۆیان گەورە دەبینن و گوێڕاڵەی ڕەخنەو پێشنیاری دڵسۆزانی کورد نابن؟! لە لایەکی دیکەشەوە لە هەموو وەڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، پارلەمان دەسەڵاتی سیاسی دیاریدەکات و چاودێری بەسەر دارایی وڵاتدا دەکات و پرۆژە خزمەت گوزارییەکان دادەڕیژێت و بڕیار لەسەر بودجە خەرجییەکانی دەوڵەت دەدات، بەڵام لە کوردستانی ئێمە هەموو دەسەڵاتێك لە دەست سەرکردایەتی دوو حیزبی هاوپەیمان: پارتی و یەکێتی دایە، کە دەبوو سەرۆکی هەدوو حکومەتەکەی عێڕاق و کوردستان، خۆیان بە سەرۆکی هەموو عێراق و کوردستان بزانن و خۆشیان بە بەرپرسیار لە هەموو گەلانی عێراق بزانن. نەك بە تەنیا لە حیزبەکانی خۆیان. واتا حیزبایەتی کردن و دەوڵەتداری لێك جیابکرێتەوە, بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم دوور لە دیدی حیزبایەتی بڕوانێتە بارودۆخی کورد و کوردستان.



## گووتاری سێهەم:

## ڕیفۆرم بۆ چاکسازی بە شێوەی سیکۆلار لەم قۆناغ و بارودۆخە سیاسیەدا

## بۆ حیزب و ڕێکخراو و پێکهاتە سیاسیەکانی کورد پێویستیەکی سەردەمە

ڕیفۆرم بەشێوەی ڕەوشنگەری لە فەرهەنگی سیاسی و دیپلوماسیەت و کۆمەڵایەتی و دابونەریتی داسەپاو, بەسەر گەلی کوردستاندا لە ڕێگای زانستی سیاسیەوە بەشێوەی رەوشەنگەری پێویستیەکی ئەم قۆناغەی خەباتی خەڵکی کوردستانە، کە دەبێت دەسەڵاتی سیاسی کوردی بەتایبەتی و حیزبیە کوردیەکان بەگشتی وەك بەرپرس لەم ڕەوتە هەنگاوی بۆ هەڵێیننەوە. هەروەها دەبێت خەڵکی کوردستان بەگشتی و پارت و رێکخراوە کوردیەکان خەباتی بۆ بکەن و سووربن لەسەر لابردنی گەندەڵی و ڕیفۆرم کردن بۆ چاکسازی، واتا خەبات بۆ گۆرانکاری لە سیستەمی فەرهەنگی کوردیدا لە قوتابخانە و زانکۆ و کۆلیژەکان ڕا دەست پێبکرێت و پەروەردە و فێرکردن لەسەر بنەمای زمان و زمانەوانی نەتەوەیی بناغەی بۆ دابڕژێت و کورد وەك نەتەوە ببێتە خاوەن فەرهەنگ و دابونەریتی سیاسی کۆمەڵایەتی خۆی و چیدی بە لاسایی کردنەوە لە فەرهەنگی عەرەب و فارس و تورك,

فەرهەنگی کوردی خەوشدار نەکرێت. واتا ڕیفرۆم بە شێوەی وانە لە خوێندنگە و زانکۆکان ڕادەست پێبکرێت و کورد لە بواری فەرهەنگیەوە سەربەخۆیی خۆی هەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت لەبواری ئابوریەوە ئیمکانیەتی پێویست بۆ بەشی فەرهەنگی دیاری بکرێت و دین و سیاسەت لەسنوری عەقڵدا پەیڕەوی لێبکرێت. لەم پێوەندیەدا خەڵکی کوردستان پێویستی بە تێکۆشانێکی گشتگیری نیشتیمانی و هۆشیاری سیاسی و ئیتنیکی نەتەوەیی خۆی هەیە کە بەپێی توانای خۆیان تێکۆشانێکی نوێ دەست پێبکەن, بۆ ئەوەی کورد وەك نەتەوە بتوانێت پێناسەی ئیتنیکی نەتەوەی خۆی بە دۆست و دوژمنان بناسێنێت و چیتر دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و حکومەتە بەرژەوندخوازەکانی دونیا بەگشتی و دەوڵەتی ئەمریکا بەتایبەتی بازرگانی بە کوردو کوردستان نەکەن. من لێرەدا نامەوێت بە ناخی مێژووی کۆن و نوێی سەردەمی ڕوشەنگەری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی داتەپیوی نەتەوەی کوردا شۆڕببمەوە و توێژینەوەو لێکۆڵنەوەی لەسەر بکەم و خاڵە ئەرێنی و نەرینەکان ئاماژە پێبکەم و هەڵەکان پشت ڕاست بکەمەوە. چونکە ئەو هەویرە زۆر ئاو هەڵدەگرێت و ئەرکی سەرشانی مێژوو نوسان و لێکۆڵەرەوان و پسپۆرانی نەتەوەکەمانە کە شارەزاییان لەم بوارەدا هەیە، ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن. بەڵکو دەمەوێت ئاماژەیەك بەبابەتە جۆر بەجۆرەکانی ڕەهەندی بزاڤی ڕۆشەنگەری سیاسی ئابووری کە پەیوەندیان بە سەردەمی نوێی دابونەریتی سیاسی و دیپلوماسیەتی



کورد و شێوەکانی دیکەی خەباتی نەتەوایەتی سەردەمەوە هەیە بکەم, و بەشێوەی زانستی سەرنجی خوێنەران و شۆڕشگێڕانی کورد بەگشتی و ڕیفۆرمخوازانی نێو بزوتنەوە بەتایبەتی بەلای باسەکەدا ڕابکێشم و تیشك بخەمە سەر ئەو باس و بابەتانەی کە پیوەندیان بە بزاڤی ڕوشەنگەری کوردیەوە هەیە, بە مەبەستی چاکسازی و دەربازکردنی کورد لە دابونەریتی کۆنە پەرستانەو دواکەوتوانەی سەردەمی دەرەبەگایەتی و کۆیلایەتیەوە هەیە و بەمیرات لە داگیرکەرانی کوردستان بۆمان بەجێماوە و لە دابونەریتی سیاسی کوردیدا وەك سەرچاوە کەڵکی لێوەردەگرێت و گران بەسەر گەلی کوردستاندا شکاوەتەوە، کە بەردەوامیش پەیڕەوی لەم دابونەریتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەکرێت کە باڵی بەسەر گەلی کوردستاندا کێشاوە. ئەمانە وەك دیاردەیەکی کۆنە پەرستانەو دواکەتوانە بەردەوام بەڕوکاری بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە دیارن و شۆڕشی کوردیان لەڕێبازی نەتەوایەتی و ڕەوشەنگەری بەشێوەی سیکولار (واتا چاکسازی لە دین ودەوڵەتدا) دوورخستەوە. لێرەدا جارێکی دیکەش بە پێویستی دەزانم بۆ شەفافیەت دان بە فەرهەنگی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هێنانی دابونەریتی پێشکەوتوانە بۆ نێو فەرهەنگی کوردی, دیسان ئاماژە بەچەند بەرهەمێك لە نوسینی فەیلەسوفانی بە ناوبانگی جیهان وەك (کانت و ئەرستۆ و مونتیسکیۆ دیدرۆ و نیوتن و جۆنلۆك) بکەم کە بریتین لە کتێبی ڕەوشەنگەری هەنگاوی یەکەم لە نوسینەکانی لۆئی ئەسپێرسن و کتێبی چەند گوتارێك لەبارەی تۆتالیتاریزم, واتا

دیکتاتۆریەت و چەوساندنەوەو داپلۆسین لە نوسینەکانی فەیلەسوفانی ئاماژە پێکراو ، کە ڕەخنە لە عەقلی مەحز, وێڕاستای دووەم , (واتا سەرپەرشتی میدیاکان), پێداچوونەوەو ڕوانگەکان, بونیادەکانی ئەخلاقی سیاسی کۆمەلأیەتی و شێوەکانی دەسەلأت لە نووسینەکانی کانت و ئەرستۆ, ڕخنە لەعەقلی کردەوەیی, لە بوارەکانی سیاسی, دیپلوماسی و هتد.... بکەم و سەرنجی خوێنەران بەلای بزڤی ڕەوشەنگەری کوردیدا ڕابکێشم، هەروەها من پێم وایە، پەڕەوویکردن لە دین و سیاسەت تەنیا دەبێت لە سنوری عەقلدا بێت. ئەمانە لە بەرهەمە پوختەکانی ئەو فەیلەسوفانان کە ناومان هێناون و بە هەموو زمانەکانی عەرەبی, کوردی, تورکی, فارسی وەرگێردراون و لە کتێبخانە گشتیەکاندا مەوجودن و دەست دەکەون. خوێندنەوەشیان بۆ قوتابیان و لاوان بەگشتی و شۆڕشگێڕان و سیاسەتەوانانی کورد بەتایبەتی لەم قۆناغەدا پێویستیەکی سەردەمین و کەڵك لێوەرگرتنیان دەبێتە هۆی پێشکەوتنی فەرهەنگ و دابونەریتی پێشکەوتوانەی سیاسی کۆمەلأیەتی خەڵکی کوردستان. بە شێوەیەك کە سەرچاوە زانستە سیاسی و کۆمەلأیەتیەکان جۆشدراوی فەرهەنگ و دابونەریتی پێشکەوتوانەی سەردەمی ئێستایی قۆناغە جۆر بەجۆرەکانی خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەکەمان بێت. بەلأم بە داخەوە تا ئەمڕۆش حیزب و ڕێکخراو و پێکهاتە سیاسیەکانی کورد بە پەیڕەوویکردن لە دابونەریتی سیاسی داگیرکەرانی کوردستان و بە لاسایی کردنەوە لە سیستەمی کۆنە پەرستی ئەوان, لە بواری بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی



وەلأتدا, کەڵك لە فەرهەنگی داتەپیوی بێگانە وەردەگرن و نەیانتوانیوە میکانزمێکی نوێی سیاسی و دیپلوماسی و ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ کوردستان دابڕێژن و لە هەموو بوارەکاندا وەلأمدەری ویست و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بن. سەرەڕایی ئەوەش کە سەرۆك کۆماری عێراق ئێستا یەکێك لە ڕێبەرانی خاوەن خەبات و بەئەزموونی سیاسی کوردستانە و دەبێت ڕۆڵی گرینگی هەبێت لە ئاستی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوەدا. بە پێچەوانە ناوبراو زیاتر بالأنسی سیاسەتەکانی خۆی بەلای داگیرکەرانی کوردستاندا شکاندۆتەوە هاودەنگ لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق و شیعە و سوننەی عەرەب و سیاسەتە نا ڕوون و بەرژەوندخوازەکانی ئەمریکادا هاوکێشی دەکات و جاروباریش بالانسی سیاسەتەکانی بێ لێکدانەوە بەلای داگیرکەرانی کوردستاندا دەشکێتەوە!؟ لە کاتێکدا ناوبراو سەردانی تورکیا دەکات کە ئەو ڕژێمە ئۆپەراسیون بەدژی شۆڕشگێڕانی کورد وەڕێ دەخات و دەیەوێت دەست بەسەر کوردستاندا بگرێت و حکومەتی هەرێم لەناو ببات و وەك پێویستیش لەلایەن کاربەدەستانی تورکەوە پێشوازی لێناکرێت، بەلأم شانازیش بەسەفەرەکەی خۆی بۆ تورکیا دەکات! بەو سەفەرەی کە سەرۆك مام جلال کردی بۆ تورکیا هەم لەگەورەی خۆی و هەم لەسەروەری عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانی کەم کردەوە. بە داخەوە حکومەتی هەرێمیش لەژێر کارتێکەری سیاسەتەکانی ڕژێمی تورك و کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەڵسوکەوت لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە

سیاسیەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکات و بە قازانجی خۆی بەکاریان دێنی. لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی دوو ڕوویانەو بەرژەوەندخوازانەی دەوڵەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کێشەی کورد بەگشتی و لە باشور بەتایبەتی سیاسەتێکی ناڕوونە. هەروەها بەگوێرەی ئەو چەند پرسیارانەی کە خۆم لە بەڕێز (کاك نەوشیروان مستەفا)م کرد,کە خۆشی لە دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا بەشداری کردووە، سەبارەت بە ڕاگەیاندنی حکومەتی کوردی، بە پشتیوانی کردنی ئەمریکا لە بزوتنەوەی کورد لە باشور, ناوبراو وەڵامی دامەوەو گوتی: هیچ گرێبەست و پلانێك لە نێوان ئەمریکا ودەسەڵاتی سیاسی کوردیدا ئیمزا نەکراوەو هیچ زەمانەتێکیش نییە بۆ ئەوەی کە ئەمریکا تاکوێ و تا کەنگێ پشتیوانی لە ماف و ویست و داخوازەکانی گەلی کوردستان دەکات!؟ بەڕاستی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی کوردی هەمان هەڵەی کەبارزانی نەمر لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا کردی و هیچ بەڵگەیەکی بە نوسراوە لە نێوان شۆڕش و ئەمریکادا ئیمزانەکردبوو. سەرکردەکانی ئێستای کوردیش بەو هەموو ئەزموونەوە نەیانتوانیوە بڕیار نامەیەك لەگەڵ بەڕێوەبەرانی سیاسی ئەمریکا ئیمزا بکەن, لەم بارەیەوە ڕخنەیان لە بارزانی نەمر دەگرت, بەڵام بۆ خۆیان لە قۆناغ و هەلومەرجێکی نوێتردا هەمان هەڵەیان دووبارە کردۆتەوە کە پارتی و بارزانی لە شۆڕشی ئەیلول دا کردییان!؟ هەربۆیە جێگای ڕەخنەو سەرکۆنە کردنن. سیاسەتی ناڕوون و نادۆستانەی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد ئەو دەرفەتەی داوە بە ڕژێمی



تورکیا و ئێران کە بەئاشکرا بە بەهانەی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی ئازادی ژیان, لە چیاکانی قەندیل و هەرێمەکانی دیکە سنورەکان ببەزێنن و بۆ سەر کوردستان لەشکر کێشی بکەن و سەروەری حکومەتی هەرێم پێشەل بکەن. هەروەها گوندەکانی کوردستان تۆپ باران و بۆمباباران بکەن و خەڵك لە خوێندا شەلاڵ بکەن و مەڕوماڵاتی خەڵك بکوژن. داگیرکەرانی کوردستان بە کردەوە سەلماندویانە کە دوژمنی لە ئاشتی نەهاتووی نەتەوەی کوردن و هەر جۆرە سازان و وتووێژ ودانوستانێکی حیزبە کوردیەکان لەگەڵ ئەو ڕژێمانە لە زیان بترازێت، قازانجی دیکەی نە بۆ حیزبە کوردیەکان بەگشتی و نە بۆ دەسەڵاتی سیاسی کورد بەتایبەتی هەیە و نەدەشبێت. ئەوان لە هەر دەرفەتێکدا بۆیان بلوێت هەر وەك ڕابردوو گورزی خۆیان لە پەیکەری بزوتنەوەی کورد دەوەشێنن. چوونی بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق بۆ تورکیا و هاتنی ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی ئێران بۆ عیراق و کۆبونەوەیان لەگەڵ کاربەدەستانی تورکی و عیراقی مەترسیەکی گەورەیە بۆ سەر ماف و دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان بەگشتی و بە تایبەتیش کۆبوونەوەکانی ئەحمەدی نەژاد لەگەڵ حیزبە شیعەو سوونیەکان و ئەوانی دیکە، ئەو تۆپبارانەی کە لەڕۆژی ٢٠٠٨/٣/١٣ و پێشترو دواتریش لە لایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گوندەکانی بەستێ و مارەدوو ئاڵیەڕەشی بەدواوە بوو، زەرەرو زیانێکی زۆری ماڵی بە هاوڵاتیانی ناوچەکە گەیاند. بێدەنگی ئەمریکا بەرامبەر بە هێرشی داگیرکەرانی کوردستان بۆ سەر

کوردستان و سنور بەزاندنیان و دەست تێوەردان لە کاروباری دەوڵەتی عێراق و دانانی بنکەی جاسوسی و ئیتلاعاتی لە هەرێمی کوردستان مەترسیەکی گەورەی بۆ کورد بە دواوەیە. ئەو سیاسەتەی کە دەسەلاتی سیاسی کورد بەرامبەر بە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان گرتوویانەتەبەر. سیاسەتێکی نانیشتمانی و نانەتەوەییە. بۆیە دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە و بیر لە کارەساتە دڵتەزێنە مێژووییەکانی گەلەکەیان بکەنەوە و هەڵەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە سەردەمی پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عیراق , کە ڕووخانی ڕژێمی بەعسی بەدواوە بوو, دەستی پێکرد,دووبارە نەکرێتەوە, چونکە ئەو سەردەمە دەرفەتێکی مێژوویی و دەگمەن بۆ گەلی کوردی ژێر دەستە هەڵکەوتبوو, کە حیزبیە کوردیەکان لە باشور ڕیزەکانی خۆیان بکەن بە یەك و حکومەتێکی دیموکراتیکی سەربەخۆیی کوردی لەو بەشەی کوردستان ڕابگەیەنن, بەڵام بە هۆی حیزب حیزبێنەو دەسەڵاتخوازی سەرکردەکان ئەو دەرفەتانە نەقۆزرانەوە و لە دەستیان دا و کورد هەر ژێردەست و کۆیلە مایەوە. دواتر هەموو هیواو ئومێد و پشت بەستنێك بە ئەمریکا بوو کە لە دەستوری نوێی عێراقدا مافی کورد بە ڕەسمی بناسرێت و بڕیاری دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بەدەست خۆی بێت و سنورەکانی کوردستان لەگەڵ عەرەبستان لێك جیابکرێنەوە. کەچی ئەم ئاوات و ئارەزوویەی خەڵکی کوردستان نەهاتە دی. ڕێبەرانی حیزبە کوردیەکان و دەسەڵاتی سیاسی کورد لە سنوری دەسەڵاتی خۆیان دا,نەیانتوانی ئامانجەکانیان بەدیبکەن. سەرەڕایی ئەو هەموو قوربانی



دان و ئەنفال و زیندە بە گۆڕ و کیمیا لێدانەش کورد لە مافە سەرەکیەکانی خۆی بێبەش مایەوە و هەر وابەستە بە حکومەتی مەرکەزی عیراقە و تائێستاش نەیتوانیوە بڕیاری نیهایی لەسەر چارەنوسی خۆی بدات. لەلایەکی دیکەشەوە کێشەی کەرکوك و هێنانی ماددەی ١٤٠ بۆ ناوچە ژێر دەستەکانی عەرەب بە هەڵواسراوی مایەوە. وێناچێت دەسەڵاتی کوردی بەو بۆچوونەی کە هەیەتی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بتوانێت ئەو ناوچانە بخاتەوە سەر کوردستان کە دابڕاون, چونکە ئەمریکا بە ئاشکرا پشتیوانی لە عەرەبی شیعە و سوننە دەکا و نیاز و بەرژەوەندیەکانی لە لای ئەوان دابین دەبێت. بەم جۆرە دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان کەوتونە ژێر پرسیار و داواکاریەکانی خەڵکی کورد خراونە پشتگوێ. لەم ڕووەوە دەسەڵاتی کوردی سەبارەت بەو بارو دۆخەی کە بۆ کورد هاتە پێش نەیتوانی کەڵکی پێویستی لێوەربگرێت. بەڵام بەو هەموو دوژمننایەتییەی کە شیعە و سوننەی عەرەب و باڵە نەیارەکانی لە نێو دەزگاکانی حکومەتی مەرکەزی عێراقدا هەیان بوو لە بەرامبەر کوردا یەك دەنگ بوون و توانیان ئەمریکا ڕازی بکەن کە کێشەی کەرکوك و ناچە ژێردەستەکانی عێراق چارەسەر نەکرێت. لەم بارەشەوە ئەمریکا کە حیزبە کوردیەکان شانازی بە دۆستایەتی و هاو پەیمانایەتی دەکەن لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا میللەتی کورد هەر وەك ڕابردوو هەرزانفرۆش دەکات و باڵانسی تەرازووەکەی بەلای عەرەبی شیعەو سونەدا شکاوەتەوە. لەم بەینەدا کێشەی کوردیش بە چارەسەر نەکراوی

ماوەتەوە. هێنان و بردنی ماددەی ١٤٠ ئەو هەڵڵا و هەنگامەش لەسەر گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان کە هەیە, هەر بۆ زیاتر هەڵخەڵاتاندنی دەسەڵاتی سیاسی کوردە و لەو بەینەشدا شیعەو سونەی عەرەب سەرکەوتن بەدەست دێنن. بە داخەوە دەسەڵاتی سیاسی کوردیش لە جیاتی بەهێزکردنی بەرەی شۆرش و بەرفراوان کردنی خەباتی کوردایەتی و بەدیموکراتیزە کردنی دەزگا حیزبی و حکومیەکان و لابردنی گەندەڵی و دیاریکردنی دەزگایەکی چاودێری بەسەر دارایی حیزبی و حکومیی و هەروەها لە دەوری یەك کۆکردنەوەی حیزبییە کوردیەکان و دیاریکردنی ستراتیژێکی هاوبەشی نەتەوەیی پێکبێنێت, کەچی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان توندو تۆڵتر دەکات و تەنگژەی سیاسی بۆ حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان پێکدێنێ و پێش لە چالاکیەکانیان دژ بە داگیرکەرانی کوردستان دەگرێت و ئامادە نییە وەك سەرکردایەتیەکی ئاکتیفی نەتەوەیی ڕیزەکانی خەڵکی کوردستان ڕێك بخات و تیئۆریەکی هاوبەشی نەتەوەیی دیاری بکات!؟ لە لایەکی دیکەشەوە حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەبەر ئەوەی کە نەیانتوانیوە لە ناوچە شاخاوییەکان مەرکەزیەتێك بۆ خۆیان دروست بکەن و پارێزگاری لە خۆیان بکەن چارەنوسی خۆیان گرێ داوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وچاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئاخۆ کەنگێ دەرفەتێکی دیکەی وەك سەردەمی ئینقلابی ئێران کە لە دژی شایان



کرد بۆ دێتە پێش، تا بگەڕێنەوە نێو خەڵکی خۆیان, کە ئەویش مەعلوم نییە,کەنگی ئەم ئاواتەیان دێتەدی.

هەر بۆیە دەبێت ئەوان بە سیاسەتە هەڵەکانی خۆیاندا بچنەوە چیدی لە کەمپەکانی خۆیاندا بە دابین کردنی ژیانی ڕۆژانەیان دور لە خەڵك و شوێنی تێکۆشانیان نەمێنەوە بۆیە پێویستە هەم ریفۆرم لەنێو خۆیاندا بکەن و هەم دەسەڵاتی سیاسیش کوردیش پێویستە ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەمریکادا کێشەی کورد یەکلایی بکەنەوە و هەم لەگەڵ عەرەبی شیعەو سوننە، نەترسانە باس لە سەربەخۆیی کورد و کوردستان بکەن و چیدی لە ژێر قەید و بەندی حکومەتی مەرکەزی عیراقدا نەمێننەوە. لە غەیری ئەوەدا دەبێت کورد چاوەڕوانی کارەساتێکی دیکەی لە وێنەی کارەساتەکانی ڕووخانی دەسەڵاتی کورد و کۆماری کوردستان و شۆرشی ئەیلول بێت. بۆ پێش گرتن لە دووبارە بوونەوەی کارەساتەکان, پێویستە دەسەڵاتی سیاسی کورد پلاتفۆرمێکی نوێی هاوبەشی نەتەوەیی هەبێت و چارەسەری قەیرانە نێو خۆیی و لاوەکیەکان بکات. دەبێت هەوڵبدرێت خەباتی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان شکلی بە جیهانی بوونی پێبدرێت، بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بڕیاری کۆتایی لە سەر چارەنووسی بدرێت. گەلی کورد ئەو ڕاستییە باش دەزانێت کە لەژێر وادەو بەڵێنی بە درۆی ئەمریکاو هاو پەیمانانیدا ڕزگاری نابێت. هەروەك فارس گوتەنی (آزموده را آزمودن خطا ست) واتا (تاقی کراوە تاقی کردنەوەی هەڵەیە). کەوابوو ڕێگای دروست ڕیفرۆم کردنە بە مەبەستی چاکسازی

و لابردنی گەندەڵی لە دەزگاکانی حوکومی و حیزبیدا لەسەر ئاستی کوردستان. دەوڵەتانی بەرژەندخواز بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بەدوای بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسیەکانی خۆیاندا دەگەڕێن و هیچ کام لەوان دڵسۆزی گەلی کورد نین و نابن. ئەوە حیزبە کوردیەکان و دەسەلاتی سیاسی کوردە کە دەبێت دەرکی هەلومەرجی سیاسی کورد بکات و چیتر نەبنە دەستەواژەی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و ولاتانی بەرژەندخوازی جیهان. لەمەش بە دواوە هەوڵبدەن نیازو پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان بەشێوەی دادپەروەرانە دابین بکەن,بۆ ئەوەی بۆشایی لە نێوان خەڵك و حکومەتدا نەمێنێت. هەروەها ڕیفۆرمخوازان لەنێو پارتە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بەگشتی و لە نێو باڵە نەیارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەدا بە تایبەتی دەبێ واز لە گاڵتەجاری بە چارەنووسی کورد بێنن و ژیرانەو عەقل مەندانەتر هەڵسوکەوتی سیاسی لەگەڵ یەکتر بکەن و بەرژەوندی گەلی کورد لە سەرووی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دابنێن. هەروەها نابێت چیتر حیزبەکان بازرگانی بەسیاسەتەوە بکەن و لە ئۆردوگاکانی باشوری کوردستان سوکایەتی بە یەکتر بکەن و خۆیان لە مەیدانی خەبات لە دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بدزنەوە. هەر بۆیە ڕیفۆرمخوازان دەبێت هەوڵبدەن حیزبە نەیارەکانی کوردستان ڕاکێشی نێو مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و نەیارانی کورد بکەن و مەودا بە خەڵکی بەرژەوەندخوازو کۆنەپەرست و نا دیموکرات نەدەن کە لە نێو باڵە نەیارەکاندا کۆسپ و تەگەرە بخەنە سەر ڕێگای ڕەوتی ڕیفۆرم لە



بزوتنەوەدا. مەسئەلەیەکی دیکەی کە فەرامۆش کراوە، ئەنجام نەدانی چالاکی سیاسی تەشکیلاتی و چەکدارییە لە دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەم ڕووەوە ڕیفۆرمخوازانی نێو بزوتنەوەی کورد دەبێت ڕۆڵی چالاکانەی خۆیان بگێڕن و هەوڵبدەن پەیڕەوی لە ڕێبازی پێشەواو کۆمار بکەن و ئەو دیاردە نەتەوەییە زیندوو بکەنەوە و ئالای کوردستان بەرزو بەرزتر ڕابگرن ئەگەرنا ئەوا دڵسۆزانی حیزب و گەلْ بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشانێکی نوێ دەست پێدەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە ڕیفۆرمخوازانی نێو نەتەوەی کورد ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە ئەو سیاسەتەی لە مەوبەر حیزبە کوردیەکان پەیڕەویان لێوەدەکرد ئەمڕۆ لە جیهاندا باوی نەماوەو ناخوێنەرێتەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ئەو ڕژێمەی بیست ساڵ لەمەوبەر نییە کە حیزبیە کوردیەکان خەباتیان لە دژی دەکرد, بەڵکو ئەو ڕژێمە ئەمڕۆ بە هەموو جۆرە چەکێك توانیویەتی ئەرتەشێکی بەهێز تەیارو ئامادە بکات بۆ بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئازادی خوازانی کورد ونەیارانی خۆی, بۆ نمونە ئەو ڕژێمە توانیویەتی لە ئەفغانستان و لوبنان و عێراق و ولاتانی دیکەش بەربەرەکانی لەگەڵ گەورەترین زلهێزی دونیا , کە ئەمریکایە بکات, لە هەموو بوارەکاندا تەنگی بەنەیارانی خۆی هەڵچنیوە، بەم هۆیەوە دەبێت حیزبە کوردیەکان بە گشتی ڕەوتێکی نوێ لە خەبات بگرەنە بەرو بەدارشتنی پلاتفۆرمێکی یەکگرتوی نەتەوەیی و پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی، ڕووبەڕووی ئەو ڕژێمە ببنەوە بەهەمان شێوەش لەگەڵ وەلاتانی بەرژەوەندخواز پەیوەندی دپلۆماسی خۆیان بگۆڕن. لە غەیری ئەوەدا حیزبە کوردیەکان ناتوانن

وەلاَمدەری خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئەو سەردەمەی خەڵكی ڕۆژهەلاَتی کوردستان بن. لەلایەکی دیکەشەوە دڵسۆزانی گەل, کە لەنێو حیزبەکاندان نابێ چیتر دەروێشانە پەیڕەوی لە سیاسەتێك بکەن, کە ئەمڕۆ عەقلی سیاسی نایخوێنێتەوە. بەڵکو دەبێت سیاسەت لە سنوری عەقڵدا پەیڕەی لێبکرێت. ئەمڕۆ خەڵکی ڕۆژهەلاَتی کوردستان دەست و پێی خۆیان ناسیوە و چیتر وە دوای دروشمی قەبەو نێو بەتاڵی حیزبەکان ناکەون، چونکە لە بواری تەبلیغاتییەوە حیزبەکان نەیانتوانیوە لەسەر چارەنوسی سیاسی دواڕۆژی کوردستان خەڵك ڕوون بکەنەوە.هەربۆیە کۆماری ئیسلامی بە دابین کردنی هەندێك ژیان, لە بواری تەبلیغاتییەوە,حیزبەکانی رۆژهەڵاتی چەك کردووە و لە نفوزی ئەوانی لەنێو خەڵكدا کەم کردۆتەوە. هەربۆیە خەبات گێڕانی کورد پێویستە عەقڵ و ئەزمون لە زانایان و فەیلەسوفانی جیهان فێر ببین, هەروەك ( کانت دەڵێت: ئێمەی مرۆڤ لە هەموو ژیانماندا بە کۆمەڵگای دیموکراسی و مەدەنیەت و مافی مرۆڤەوە گرێدراوین , کەئەو کۆمەڵگایە یارمەتی ئێمە بدات بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی خۆمان کە ئازادی و دیموکراسی ومافی بەرابەریەتە بگەیەنیت, هەر ئەوسیستەم و نیزامەش دەتوانێت پارێزەری ئێمە بێت. هەر لەم ڕێگایەشەوە کەش و هەوایەك دێتە ئاراوە کە لەودا بتوانین ئازادانە تواناکانی خۆمان نیشان بدەین و چیمان لە دەست هات بۆ خۆشبەختی نەتەوەکەمان و سەروەری نیشتمانەکەمان ئەنجامی بدەین). هەروەها کانت دووپاتی دەکاتەوەو دەڵێت:



(یاسای ئەخلاق و ویژدان, یاسایەکی بەرابەری و دیموکراسیە و پێدا دەگریت, کە خۆشی و کامەرانی بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە دیاری بێنێت). ئێمەی کۆمەڵگای کوردیش جیا لە کۆمەڵگایی مرۆڤایەتی نین و نابێت ترسمان لە دەسەلاَتداران هەبێت و نەوێرین ڕاشکاوانە داواکاریەکانمان دەربڕین و ڕاستیەکانمان بدرکێنین. بۆیە دەبێت لەوە زیاتر دەسەلاَتدارانی کورد درۆ لەگەڵ خۆمان و دوژمنان و دۆستانمان نەکەن و لێبڕاوانە داوای مافی سەربەخۆی بۆ کوردو کوردستان بکەن. وەهەروەها تا ئەو جێیەی لە تواناماندایە دەبێ پێدابگرین لە سەر چەسپاندنی مافی چارەنوس لە چوار چێوەی یاساو دەستوری دیاری کراوی کوردستاندا. لەم ڕووەوە هەمووومان بەرپرسین لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و بە دیموکراتیزەکردنی دەسەلاَتی سیاسی و ڕاگەیاندنی حکومەتی سەربەخۆی کوردی و پشتیوانیکردن لە یاسایەکی دادپەروەرانە کە لەوێدا ژیان دەکەین. ئێمەی کورد قەرزداری مێژووی نەتەوەیەکەمانین, گرێدراوین بە کۆمەڵگای کوردیەوە, هەروەها کۆمەڵگایی کوردیش گرێدراوە بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە, بۆیە خەبات دەکەین کە گەلەکەمان بە سەربەستی و ئازادی بگات. هەرچەندە داگیرکەرانی کوردستان بە گشتی و نەتەوە بالاَدەستەکان کەبریتین لە عەرەب و تورك و فارس،هیچ جۆرە ئازادییەك بە کورد ڕەوا نابینن و هەمیشە پیلانی هاوبەشیان دژی گەلەکەمان داڕشتوەو دایدەڕێژن، ڕێبەرانی حیزبە کوردیەکانیش لەمەوبەر رۆڵی خراپیان لەبزوتنەوەدا دەگێڕا، لەم ڕووەوە دەبێت شۆرشگێڕانی کورد شەپ لە عەقڵی کۆن هەڵبدەن و بە عەقلێکی نوێ و هوشیاریەکی سیاسی

تەواوەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بکەن و بە دۆستانی کورد بسەلمێنین کە ئێمە وەك نەتەوە هەین و حاشا لە بونمان ناکرێت, بەلاّم بەداخەوە بەرچاوتەنگی و خۆپەرستی و تەماعکاری ڕیبەرایەتی حیزبە کوردیەکان بە گشتی و لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان بە تایبەتی وای کردووە کە زۆربەی خەڵکی کورد بڕوا و متمانەیان بە دەسەلاّتی سیاسی کورد نەبێت و لەو ناوەشدا دوژمنانی کوردستان لە ئاوی لێل ماسی دەگرن و ئامانجە پیسەکانی خۆیان دەپێکێن و بەشێك لەخەڵکی کوردستانیان کردۆتە دژە شۆڕش و بەم جۆرە توانیویان کورد بە کورد بەکوشت بدەن.

هەروەك لە ڕۆژهەلاّتی کوردستانیش باڵە نەیارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەکان و ئەوانی دیکەش تەنگیان بە سیستەمی دیموکراسی و ئوسوڵ و پرەنسیپەکانی سیاسی تەشکیلاتی نێوخۆی و لاوەکی هەڵچنیوە و شیرازەی بزوتنەوەی کوردیان لێك هەڵوەشاندووە. وە کۆمەڵگای کوردیان لە مەدەنیەت و شارەستانیەت دابڕیوە و خۆشیان لە خەڵکی کوردستان جیاکردۆتەوە. بەم جۆرە بێکاری وکەمپنشینی وای لێکردوون کە ئەقڵیەتی سیاسیان لاواز بێت و لەو کەمپانەدا یەکتر سوك و ڕیسوا بکەن و دوژمنان بە خۆیان خۆشبکەن.  بەلاّم بە هەلگرتنی دروشمی دیموکراسی و ئازادی بۆ هەمووان توانیویانە کۆمەڵێك خەڵکی هوشیار و ناهوشیاری سیاسی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. بە داخەوە هەتا ڕەفتار و کرداری ڕێبەرایەتی ئەو باڵە نەیارانە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر ئەو ڕەوشە بمێنێتەوە و بەم ئەقڵیەتەی کە هەیانە سیاسەت بکەن، بە بۆچوونی



من نەك هەر کێشە نێوخۆییەکان چارەسەر ناکرێن بەڵکو قەیرانەکان قوڵتر دەبنەوە و داگیرکەرانی کوردستانیش زیاتر دەتوانن نفوز لە نێو بزوتنەوەی کورد دا بکەن. لەم ڕووەوە سیاسەت کردن بەو پێوەرە زیاتر شیرازەی یەکگرتووی ڕیزەکانی نێو گەلی کورد تێکدەدا و دەستکەوتەکانی گەلی کوردیش لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان لەوە زیاتر نابێت کە ئەمڕۆ هەیەتی. بەم هۆیەوە گەلی کوردستان وێڕای وەڕێخستنی ڕەوتی ریفۆرم، پێویستی بە گەشەپێدانی بزاڤێکی ڕەوشەنگەری سیاسی ئابووری وکۆمەلاّیەتی فەرهەنگی هەیە، کە ئەو ئەرکەش دەکەوێتە سەر شانی نوێخوازان و ریفۆرمخوازان و لاوان و ژنان لە نێو ریزەکانی بزوتنەوەدا. بۆ ئەو مەبەستەش گەلی کورد پێویستی بە ڕێبەرایەتییەکی ئاکتیڤ و نیشتیمانی و دادپەروەری و دیموکراسی هەیە، بە مەبەستی چاکسازی و خۆ نوێ کردنەوەی پارت و ڕێکخراوە ڕامیاریەکان لەسەر ئاستی کوردستان بەگشتی و لەرۆژهەلاّت بە تایبەتی هەیە. لە غەیری ئەوەدا بەو عەقڵیەتە سیاسیەی ڕێبەرایەتی حیزبیەکان و بەو کەیفیەت و تێڕوانین و بۆچونانەی کە ئەوان سەبارەت بە کێشەی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان هەیانە لەمەڕ چارەسەرکردنی قەیرانەکان ئیمکانی سەرکەوتن کەمەو دەبێت سیاسەت لە سنوری ئەقڵدا پەیڕەوی لێبکرێت. لە لایەکی دیکەشەوە ریفۆرم بە خەڵکی نوێ و نوێخواز دەکرێت نەك بەو کەسانەی کە ساڵەهایە ددانیان لێك سپی بوونەوە و بەرژەوەندی خۆیان لە سەروی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەمان دادەنێن و بازرگانی بە سیاسەت و کوردایەتی دەکەن.

## گووتاری چوارەم:

## وتوویژیکی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە

بەکورتی:خدرمەرەسەنە ناسراو بەمیرزا خدر ساڵی ١٩٣٩لەکوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایك بووە

تێکۆشەرێکی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکرات بوو ,پاشان بۆتە ئەندامی مشاوری کۆمیتەی نوەندی حیزبی دیموکراتی کوردیستان ڕێبەرایەتی شۆرشگێرو وبەرپرسی پەیوەنیە نیشتیمانیەکانی کوردستان لەشۆڕشی نوێ ی گەلەکەمان و ئێستاش لە ئەوروپا دانیشتوە.

شیاوی باسە خاوەنی چەند بلاۆکراوەیەکە لەوانە:ئاوێنەی ڕاستیەکان,بیرەوەریەکانم بۆمێژوو,ڕاستیەکان دەڵێمەوە هەروەها چەند نامیلکەو وتارێکی تایبەت بە ڕیفۆرم بلاۆ کردۆتەوە.

ئاوێنە/هەلوێستی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر بەکورد چۆن هەڵدە سەنگێنن و هێزە سیاسییەکان بەگشتیو باشور و ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە کوێی ئەو هەڵوێستو ڕووبەڕەوانەدان؟

خدر مەرە سەنە:هەڵوێستی داگیرکەرانی کوردستان بەرامەر بەکورد هەمیشە دووژمن کارانە بووە بەردەوامیش بۆ تواندنەوەو لەناوبردنی میللەتی کورد پیلانی هاوبەشیان هەبووەو هەیە,بۆنمونە لەساڵی ١٣٦٣زا ینیدا دەوڵەتی سوریيا بەکردەوە هاوکاری ڕژێمی بەعسی عیراقی



دەکرد کە بۆ لێدانی شۆڕشی ئەیلول کەبەڕابەرایەتی بارزانی و پارتی بەدرێوە دەچوو, وەهەروەها پەیمانی الجزائیر گەلەکۆمەکێکی نێو دەلەتی بوو بەتایبەتی ئێرانو تورکیاو سوریا کەلەدژی کورد کرا بەردەوامیش ئەو سیاسەتەی دوژمنانی کورد درێژەی هەیە نمونەشمان بۆ ئەوە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی ڕژێمەکانی تورکیاو ئێرانە کە بەرامبەر پ.ك.ك و پ.ژ.ك دەیکەن هەموشمان بێدەنگیو بێ هەڵوێستی حیزبە کوردیەکان لە باشورو ڕۆژهەڵات دەزانین,بەداخەوە کاردانەوەی حیزبە سیاسیەکان لە هەمبەر دوژمنانی کورد هەمیشە سیاسەتێکی لێل و نانیشتیمانیو ترسنۆکانە بووە تائەمڕۆش حیزبەکانمان نەیانتوانیوە لەدەوری یەك ئامانجی هاوبەشی نەتەوەیی کۆببنەوەو بەیەکەوە داکۆکی لەدەسکەوتەکانی شۆڕشەکانی کورد بکەن کە ئاکامەکەی تێکشکانی شۆڕشەکانی کوردبووە لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

ئاوێنە/پێتان وایە کۆنگرەی ١٤حیزبی دیموکراتی کوردوستان تاچەند لەگەڵ ئەو هێڵە گشتیانە یەکان گیرە کەپێش کۆنگرە بلاۆ کرانەوە؟

خدر مەرەسەنە: پێش کۆنگرە دوای کۆنگرەش هێڵە گشتیەکان بەکردەوە جێبەجێ نەکراون بەلاّم ئەوەی جێگەی سەرنج بێت لەکۆنگرەی ئەمجارە گۆڕنکاری بوو لەبواری تەشکیلیو دیاری کردنی ڕێبەری حیزب لەکەسانی نوێ خواز بەلاّم نابێ ئەوەش لەبیر بکەین

لەدوای کۆنگرە ئەوانیش نەیانتوانیوە ئاڵو گۆڕیەکی ئەوتۆی سیاسی تەشکیلیو نیزامی لە حیزبدا بکەن

ئاوێنە/ئەو ڕیفۆرمانەی لەکۆنگرەدا کراون تاچەند بۆ بواری جێبەجێکردن هیوات پێیەتی؟

خدر مەرەسەنە:جاریّ ماوەیەکی زۆر بەسەر کۆنگرەدا تێنەپەڕیوە تابەتەوای بۆمان دەربکەوێت ئەو ڕیفۆرمانە جێبەجێ دەکرێن یان نا چونکە ماوەی بیست ساڵە ئەو حیزبە لە خەڵکی کوردوستان دابڕاوەو لەمەیدانی بەربەرەکانیّ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دوورکەوتۆتەوە.

ئاوێنە/بەڕای بەڕێزتان ئەوگرژی و ئاڵۆزییەی نێوان ئەمریکاو ئێران ئاکامەکەی بەچی دەگات ؟هەروەها لەکاتێکدا ئەگەر ئێران بەر هێرشی هەمەلایەنەی ئەمەریکا بکەوێت ئۆپۆزسیۆنی ئێران بەگشتیو کورد بەتایبەتی چ کاریگریەکیان دەبێت لەگۆڕینی هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەئێراندا؟

خدر مەرەسەنە:بەبڕوای من و ئەو ئەزموونە مێژووییانەش کە لەئاکامی جەنگەکانی یەکەم ودووەمی جیهانی هاتونەتە ئاراوە,ئەمەریکا لە جیهاندا بەگشتی و لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەتایبەتی بەدوای بەرژەوەنیە سیاسی و ئابووریەکانی خۆیدا دەگەڕێت بۆیە لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆی زۆرلای سانایە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بڕوخێنێت,بۆیە نابێ گەلانی ئێران بەگشتیو گەلی کورد لە



ڕۆژهەلاّت بەتایبەتی چاوەڕی ئەمەریکابن تاڕژێمی ئێرانیان بۆ بڕوخێنێت بەڵکو دەبێت هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن بە پلاتفۆڕمێکی هاوبەشەوە ڕووبەڕووی ڕژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران ببنەوە ؛ئەگەرنا جگە لەمە بەو شێوە پەرشوبلاّویەی کەئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و کوردی ڕۆژهەلاّت لەهەمبەر یەکتردا هەیانە هەرگیز ناتوانن ڕۆڵیان هەبێت لەڕوخانی ڕژێم و گۆڕانکاری لەسیستمی ئێراندا کەتا ئەمەڕۆش باڵی بەسەر دا کێشاون,بەڕای من دەبیّ ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران بیر لەپێکهێنانی بەرەیەکی سەرتاسەری بکەنەوە لەشێوەی حکومەتێکی فیدڕاڵی یان کۆنفیدڕڵی لەگەڵ ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی بڕیار نامەیەك واژۆ بکەن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی تەواوی ئەمەریکا تا داکۆکی لەمافی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێران بکات.

ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە لە مانگی ٦ی ٢٠٠٨ دا بلاّوکرایەوە ...

## گووتاری پێنجەم:

# پێشنیارەکانم بۆ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەمەبەستی چاکسازی لەو حیزبەدا

سەرنج: ئەم گووتارە وەك پێشنیار بۆ کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان نووسراوەو لە سایەتەکان (رینیسانس) بلاوکراوەتەوە.

کورتە باسێك لەسەر هێڵە گشتیەکان و ڕیفۆرم لە کۆنگرەی چاردەهەمی حزبی دیموکراتی کوردستاندا تەوەرەی باسەکەمانە و سەرنجی خوێنەران بەلای بابەتەکەدا ڕادەکێشم و خاڵە ئەرین و نەرینەکانی بەکورتی ئاماژە پێدەکەم و راستی و ناراستیەکان دەخەمە روو.

ماوەیەکە لە کەناڵەکانی سایتی ئەنتەرنێت و میدیاکانی ئەو حیزبەدا باس لە ریفۆرم لەکۆنگرەی چاردەهەمی حیزبدا دەکرێت!؟ سەرنجڕاکێش ئەوەیە باس لە ریفۆرمیك دەکرێت کە لە زوربەی کۆنگرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا باسی لێکراوە، بەلام بەکردەوە هەنگاوی بۆ هەڵنەهێنراوەتەوە و بەپێچەوانەش حیزب



توشی کارەساتێکی نێو خۆی بووە . هەر لەدوای ڕوخانی کۆمار ڕا بگرە تا ئەمڕۆش ئەم باسە وەك ئاژیتاسیۆن ( پرۆپاگەندە) و کارئاکتەرێك کەڵکی لێوەرگیراوە و کۆمەڵێك لە ئەندامانی ریفۆرمخواز لەنێو ڕیزەکانی حیزبدا پێی دلخۆش بوون. بەلام هەمیشە بەهۆی سیاسەتی هەرزەکارانەی هەر یەکێك لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب بە گشتی و سکرتێرەکانی بەتایبەتی ئەو رەهەندە زیندە بە گۆڕکراو ئەو داب ونەریتە کۆنەی کە وەك بابەتێکی نەگۆر بەسەر حیزبدا زاڵبووە، بۆیە نەك هەر چاکسازی لەحیزبدا نەکراوە بەڵکو حیزبەکە زیاتر پارچەپارچە و بەشبەش کراوە دوای سوك و ڕسوا کردنی یەکتر, تەنانەت کادرو پێشمەرگەی ئەو حیزبەش بەهۆی سیاسەتی چەوتی ڕێبەری حیزب یەکتریان کوشتووە. ئەمە وای کردووە کەحیزبی دیموکراتی کوردستان نەتوانێت ڕۆڵی چالاکانەی خۆی لە پێش ڕەوی کردنی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ببینێت و ببێتە ئەو حیزبەی کە خەڵکی کوردستان نیازی پێیەتی و جێگرەوەی کۆماری کوردستان دەبێت.

بۆ نمونە لە زوربەی کۆنگرەکاندا باس لە ریفۆرم و چاکسازی لە بواری سیاسی و ئابوری و تەشکیلاتی حیزب کراوە و زۆر بڕیاری گرینگ و بە نرخ دراون , بەلام هەر سکرتێرەکانی حیزب کە دەسەلاتیان بە دەستەوە گرتووە و تام و چێژی دەسەلاتیان کردوە هەموو بڕیارەکان پێچەوانە لە ئاوهاتوونەتە دەر و کێشە و ناکۆکیەکان قەیران خولقێنەتر بوون. ئەوەش لە ئاکامی نەبوونی دیموکراسی نێو

خۆی حیزبی و نەپاراستنی ئوسول و پرێنسیپەکانی تەشکیلاتی حیزب و هەروەها نەبوونی ئۆتۆریتە و مودیریەتی ڕێبەریی حیزب بە گشتی و لاوازی ڕۆڵی سکرتێر بووە بەتایبەتی، کە ریفۆرم خوازان نەیانتوانیوە ئەرکی نەتەوەیی و حیزبی خۆیان وەك پێویست بە ئەنجام بگەیەنن. لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵە خەڵکێکی ناهۆشیاری سیاسی دەروێشانە پەیڕەویان لە بڕیارە هەڵەکانی سەرکردە شەهیدو زیندووەکانی حیزب کردووە. ئەمانە وایکردوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مەیدانی خەبات لە دژی داگیرکەرانی کوردستان دوور بکەوێتەوەو تەریك لە خەڵکی خۆی بمێنێتەوە و دووچاری کێشە نێو خۆییەکان ببێتەوە و ئاش بەتاڵ بە شۆڕش بکرێت. ئاش بەتاڵێك کە ماوەی زیاتر بیست ساڵە حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەلاّ دانی پێدا ناهێنن!!؟؟ ئەمە وای کردووە کە کۆمەڵێك لەکادرو پێشمەرگەکانی حیزب نا هۆشیارانە پەیڕەوی لەم رەوشە نا دیموکراتیکە بکەن.

ئێستاش ئەگەر حیزبی دیموکراتی کوردستان باڵی ریفۆرمخوازان بیهەوێت لە کۆنگرەی چاردەهەمی خۆیدا ریفورم بەکردەوە بە واتایی خۆی بکات, دەبێت لە پێشدا ئەم دەستەبژڕن کە هەمیشە ڕێگر بووە لە بەردەم چاکسازی لە حیزبدا. ئەوجار دەتوانن ریفۆرم بکەن کەبریتیە لەم خاڵانەی خوارەوە بەگوێرەی عەقڵیەتی سیاسی و گونجاو لەگەڵ بارودۆخی سەردەم و هەروەها بە شێوەیەك کە وەلاّم دەری هەلومەرجی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بێت لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان.



یەکەم : دارِشتنەوەی کلێشەو بنەماو ساختمانی سیاسی تەشکیلاتی حیزب و پەروەردەکردنی ئەندامانی حیزب بە فەرهەنگێکی پێشکەوتوانەی سەردەم و ڕێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی حیزب بەپێی ئوسوڵی تەشکیلاتی و هەروەها بەکردەوە پیادە کردنی دیموکراسی لەڕیزەکانی حیزبدا بەڕێوە ببرێت گۆڕانکاری لەشێوازی خەبات پێکبهێنرێت، بەم جۆرە خەبات لەدەرەوەدا بگوێزرێتەوە بۆ ناوخۆی کوردستان و نێو خەڵك. واتا خەبات بگوازرێتەوە بۆ ناو خەڵکو بەرین کردنی پەیوەندیە دپلۆماسیەکان لەسەر ئاستی جیهاندا.

دووهەم : دروستکردنەوەی روحی هاوکاری و برایەتی لەنێوان ئەندامانی حیزبدا کە بۆتە هۆی کێشە نێو خۆییەکان و ئاسەوارێك لەم دیاردەیە لە ئارادا نەماوە و لابردنی ئەو کەش و هەوا ناسالم و تەماوییەی کە باڵی بەسەرحیزبدا کێشاوە و ئەو حیزبەی لە ڕەوتی پێشکەوتن و سەرکەوتن دورخستۆتەوە بابەتێکی زەرورین.

سێهەم : دارشتنی پرۆژەیەکی ئابووری سەربەخۆ بۆ حیزب و دیاری کردنی کۆمیتەیەك وەك بەرپرس لە بەشی ماڵی حیزب، بۆ لێپرسینەوە لە داهات و سەرمایەی حیزب کە تائێستا لە دەستی کەسانێکدان بە نێوی سکرتێر، یا بەرپرس لە حیزب ماوەتەوە و مەعلوم نیە کە حیزب سەرمایەی چەندەیە و لە کام بانکی جیهانی داندراوە لە حاڵێکدا پێشمەرگەی حیزب لە ژیانێکی دژواردا دەژیت و ڕۆژانە بەشێك لە کادیرو پێشمەرگەکانی حیزب خەریکی کرێکارین و

لەبەر کێشە نێوخۆیی و دابینکردنی ژیانیان توانای بەربەرەکانیان لەدژی داگیرکەرانی کوردستان لەدەست داوە. ئەم رەوشە نەك هەر لەنێو باڵە نەیارەکانی حیزبی دیموکرات بەڵکو لەنێو باڵە نەیارەکانی کۆمەڵەو ئەوانی تریش برەوی سەندووە.

چوارهەم : دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراو و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی ئافرەتان و مافی مرۆڤ وکانونی نوسەران و ئەدیبان و هەروەها یەکێتی لاوان و قوتابیان لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا ، کە بە نهێنی هەر هەموویان گرێبدرێنەوە بە تەشکیلاتی حیزب و لە هەلومەرجی پێویستدا ڕۆڵی خۆیان لە بزوتنەوەدا بگێڕن و وەك پشتیوانەیەك بۆ حیزب لەناوەوە خەباتی خۆیان بە شێوازی جۆراو جۆر دژ بەرژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژە پێبدەن,هەروەك ئێستا لە باکوری کوردستان ,پەکەکە توانیویەتی بە دامەزراندنی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە, شۆڕشگێڕبوونی خۆی بسەلمێنێت و (پەژاك) بەهەمان شێوە لەرۆژهەلات وەك جێگرەوەی ئەوان رۆڵی خۆی دەبینێت.

پێنجەم : لێکگرێدانی خەباتی چەکداری و جەماوەری لەسەر ئاستی کوردستان و دەرەوەی وڵات بە شێوەیەکی مۆدێرن و سەردەم, کە وەڵامدەرەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی ئەم سەردەمەی خەڵکی کوردستان بێت.



شەشەم : پێکهینانی بەرەیەکی کوردستانی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد و کۆکردنەوەی هەر هەموویان لە دەوری ستراتیژییەکی هاوبەشی نەتەوەیی و بەرفراوانکردنی مەیدانی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی کە لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی دا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی خەبات بەڕێوە بچێت, چونکە ئەو سیاسەتەی کە لەمەوبەر حیزبی دیموکرات پەیرەوی لێکردووە ئەمرۆ لە دونیادا سیاسەت نایخوێنێتەوە و ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش لە هەموو بوارەکان دا گۆرانی بەسەردا هاتووە و ئەو ڕژیمە نییە کە بیست ساڵ لەمەوبەر کورد لەگەڵی ڕوبەڕوو بوو، لەم ڕووەوە ئەم چەند خاڵانەی کە باس کران بەشێکی کەمن لە ڕەوتی ژیانی سیاسی و ئابوری و دیپلۆماسیەتی کوردیدا دەبێ وەبەرچاو بگیرێن و بە کردەوەش جێبەجێ بکرێن وە هەروەها پێك هێنانی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوی سیاسی لەسەر ئاستی ئێران بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکومەتێکی فیدڕاڵی کە هەموو نەتەوەکان لەخۆ بگرێت. ئەگەر نا لەغەیری ئەوەدا حیزبە کوردیەکان لەرۆژهەڵات ناتوانن ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و نیازەکانی خەڵکی کورد دابین بکەن.

پێشنیار دەکەم کە ئەو خاڵانەی گرینگ و چارەنووس سازن ئەهمیەتیان پێبدرێن، چونکە بە گۆران لە دروشم و ستراتیژیەتدا ریفۆرم ناکرێت و نەقەیرانەکانیش چارەسەردەکرێن, بەڵکو چارەسەرکردنی قەیرانەکان بە ئەقڵ و مەنتیق و هوشیاری و

ڕاستگۆیی دەکرێت. هیوادارم ڕیفۆرمخوازانی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بتوانن لە کۆنگرەی چواردەهەمدا ئەم ئەرکە نەتەویی و حیزبیەی خۆیان بەجێبگەیەنن و حیزبی دیموکرات بە هەردوو باڵەکەیەوە لە زەلکاو و نەهامەتیەی کە تێیدایەتی رزگاربکەن و یەکی پێبگرنەوە و بیگێڕنەوە بۆ سەر خەت و رێبازی پێشەوا و کۆمار و حیزبی دیموکرات ببێتەوە بە ئالاّ هەلگری خەبات و بەرخۆدان لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان بۆ دابینکردنی ئازادی سیاسی و هێنانەدی مافەکانی خەلّکی کوردستان. لە غەیری ئەوەدا ئەگەری راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن ریفۆرمخوازانەوە بە پەیرەویکردن لە ڕێبازی کۆمار لە ئارادایە, ئەو کاتە دەبێت رێبەرایەتی هەردوو باڵی حیزب و کۆمەڵەکان پەنجەکانی خۆیان بشکێننەوە، کە ئەوەش لە ئاکامی سەرە ڕۆیی و تاك رەوی رێبەرانی باڵە نەیارەکانی نێو حیزبی دیموکرات هاتۆتە ئاراوەو باڵی بەسەر حیزبدا کێشاوە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئەوە بخەمە ڕوو کەبیرکردنەوە و تێڕوانین و تێگەیشتنەکانی رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر چۆنیەتی ڕووداوەکانی نێوخۆی حیزب و بزوتنەوە بەگشتی, جیاوازییان لەگەڵ بەشێك لە ئەندامانی حیزب هەبووە. لەبەرئەوە نامەوێ هەر یەکێك لەوان کە نوسراوەکەی من دەخوێنێتەوە, وەك من بیر لەسیاسەت و کارەسات و ڕووداوەکان بکاتەوە. لەم بارەوە من پەیڕەوی لە خووڕەوشتی بەرچاوتەسکانە و نادیموکراسیانەی ئەو جۆرە کەسانە ناکەم و خورافات و ڕیاکاریشم



قبوڵ نییە و بێباکیشم لەوەی, کە لەسەر دەربڕینی ڕاستییەکان, لە بزوتنەوەدا لە حیزبی دیموکرات دادەبڕێم و شانازیش بەوەوە دەکەم, کە وەك ریفۆرمخوازێك بە شێوەی ڕەوشەنگەری,لە خزمەت گەل و نیشتمانەکەمدا دەمێنمەوە و تەسلیمی ئیرادەی کۆنەپەرستان نابم و بەردەوامیش تێکۆشانی خۆم لەبزوتنەوەدا بەشێوەی ڕەوشەنگەری بۆ چاکسازی و کۆتای هێنان بە گەندەڵی و فرت و فێڵ پەرە پێدەدەم. هەر بەم جۆرەش دژ بە هەرچەشنە دەسەڵاتێك دەوەستم کە بازرگانی بە سیاسەت و حیزبایەتی دەکات و لەژێر نێوی کوردایەتیدا خەڵکی کوردستان لەمافەکانی خۆی بێبەش دەکاو سازان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان دەکات.